# ئامۆژگارییەکانم

## بۆ شوعەیبی کوڕم

نوسینی
قاسم محسن عولا



پێشەکی :

# بسم الله الرحمن الرحيم

السلام عليكم ورحمة الله تعالى وبركاته.. الحمد لله حمدًا كثيرًا طيبًا مباركًا فيه، الحمد لله الذي علم بالقلم علم الإنسان ما لم يعلم، وأفضل الصلوات وأتم التسليم على سيدنا وحبيبنا محمد خير البرية وخاتم الأنبياء والمرسلين والذي أنقذ برسالته عباد الله من ظلمات الجهل وأهداهم بفضل الله إلى طريق الحق ...

سلاو رحمه ت و بەرکەتی خوای گەورە تان لەسەر بیت , سوپاس وستایشی زۆر بۆ خوای بەرز پیرۆز ، سوپاس بۆ ئەوە خوایەی کە بە پینووس یان قەلە م فیری کردووین ، کە مرۆڤ فیر بوو پیشتر هەر گیز نەیدازانی ، باشترین درووددوو سلاو وە تەواو ملکەچی بۆ پیغەمبەری پیشەوایی مرۆڤایەتی کە گەورە سەرو وەر قائید و خوشەویستمان کە چاکترین مرۆڤی سەر زەوی ، کە لە دواین پیغەمبەران بووە ، وە پە یامەکەی بۆ بەندە کانی (خوای گەورە) رزگار کەر بوو ، بۆ تاریکی و نەزانی و نەفامی ، وە رینموویی کردووین بە فەزل و نازونیعمەتی خوای گەورە بۆ ریگای راست و درووست حەق ...

بەلیٚ هیچ گومان لەوە دانیە ، کە (خوای گەورە ) بۆ هەموو قەومێك و توێژێك پێغەمبەرانی – عليهم السلام – بۆ رەوانە کردوون ، کە ئەوانیش بە چاکترین شێوە پەیامەکەیان گەیاندووە ، بە خەڵك ، ئینجا بەهۆی ڕەوشتە بەرزو ووتە زێرینەکان و پر حیکمەتەکانیان وەکو چرا وان بۆ رووناك کردنەوەی ژیان ، ناویان لە قورئان و سوننەت هاتووە ، هەروەها ئەوانەش کە لە زانایانی سەلەف و پێشینە چاکەکان ، کە پیاوانێك هەلکەوتوون ووتەو ئامۆژگاریەکانیان پر لە حیکمەت و داناییە ، هەر بۆیە ئەم ووتە و ئامۆژگاریانە رێبازی راستەقینەی ژیانێکی پر لە سەرفرازی و سەرکەوتن بەدەست دەهێنین لە دونیا و لە قیامەتدا ، هەر بۆیە هیچ شتێك نیە قورسترببێت لە ڕەوشت جوانی لە تای تەرازووی مرۆڤی ئیماندار دا لە رۆژی قیامەتدا، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت : (( إن المؤمنَ لَيُدْرِكُ بحُسْنِ خُلُقِه درجةَ الصائمِ القائمِ))

واتە : بە ڕاستی مرۆڤی ئیماندار بە ڕەوشت جوانیەکەی دەگاتە پلەی ئەو کەسەی کە بە رۆژ بەرۆژووە و شەویش شەو نوێژ دەکات .

# له ئامۆژگارییەکان بۆ کوڕکەم شعیب

ئەی رۆڵەیْ خۆشەویست و ئازیز شعیب : پێشەکی داوا لە خوا دەکەم تەمەنت درێژ بیْ وە ببی بە هاوڕێبازی ئەوانەی خواناس و خوا خۆشی دەوێن ... ئەوەش بزانە هەر ئامۆژگارییەك لە منی دەبیستی یان بۆم نووسیوی ئەوا سەر چاوەکەی لە خوا و پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ وە ئامۆژگاری پێشینە چاکەکان لە خۆشەویستانی (خوای گەورە ) ، ئەی رۆڵەیْ هۆشیار ئەی رۆڵەیْ شیرینم مادەم وایە دە پێت بلێم : نیشانەی وازهێنانی (خوای گەورە ) لە بەندەی خۆی ئەوەیە : یەکێك خۆی لە کارێك هەڵبقورتێنی کە هیچ پەیوەندی لە گەڵ ئەودا نەبیْ و سوودی پیْ نەبەخشیْ و ئەگەر مرۆڤێك کات ژمێرێك بە فیرۆ بدات بیْ ئەوەی بۆ (خوای گەورە ) تەرخان بکا ، ئا ئەو کەسە شایانی ئەوەیە حەفەت و ئاخ هەڵکێشیْ ، ئەگەر یەکێکیش تەمەنی لە چل ساڵ تێپەری کرد بوو ، ئەوا چاکەی لە خراپەی زیاتر نەبوو ، با ئەو کەسە خۆی بۆ ئاگری دۆزەخ ئامادە بکە ...

ئەی رۆڵەیْ ئازیزم شعیب : ئامۆژگاری کردن ئاسانە ،بەڵام پیاوی دەویْ وەریبگریْ و جیْ بەجیْ بکا..؟! چونکە ئەوی شوێنی پێی ئارەزووەکانی خۆی بکەوێت ، ئامۆژگاری کردنی لەلاْ گرانە و ئەوەی (خوای گەورە ) پێی ناخۆش بیْ ئەوەی بەلاْوە خۆشە ..!! بەتایبەتی لە لای ئەو کەسانەی کە هەر خۆ راپێش دەکات و بەهانەی پلەو پۆست و وەزیفەی دونیایەو واش دەزانیْ خۆ بردەنە پێشەکەی و زانست و زانیاریەکەی بەسە بۆ ئەوەی (خوای گەورە ) قورتاری بکا ..!! هەر بۆیە وادەزانی مرج نیە پیاو گوێرایەلی خوا پێغەمبەرەکەی ﷺ بکات ..!! بەلکو بەهانەو حجەی ئەوەیە کردەوەی چاك دەکات و دلْ ی پاکە دلْ حوکم دەکات ، کەچی لە جیْ بەجیْ کردنی فەرمانەکانی (خوای گەورە ) و پێغەمبەرەکەی ﷺ بێئاگایە و کەمتەرخەمە ...

بەلیْ ئەی رۆڵەیْ خۆشەویستم شعیب : خۆت لە کردەوەی پاك و فەرمان و گوێرایەلیْ کردنی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ بیْ بەش مەکە ..؟! غافل و بێئاگا مەبە لە ناسینی (خوای گەورە ) ، چونکە ئەمەش بزانە زانستی بیْ کردەوەی چاك هیچ سوودێك نابەخشیْ بە خاوەنەکەی ، مرۆڤیش بە تەنیا بە زانستیەوە دەرباز نابیْ ..!!

ئەی رۆڵەیْ هۆشیار شعیب : ئەگەر سەد ساڵ بخوێنی و هەزاران کتێب بخوێنیتەوە ، هەتا کو کاریان پیْ نەکەی ناکەویە بە بەخشندەیی و میهرەبانی (خوای گەورە ) ..!! ، هەروەها (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : ﴿وَأَن لَّيۡسَ لِلۡإِنسَٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ ۝٣٩﴾ [النَّجۡم:٣٩] واتە: ئادەمیزاد تاکو کۆشش نەکات ناگا بە ئاواتی خۆی ..!! (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : ﴿فَمَن كَانَ يَرۡجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلۡيَعۡمَلۡ عَمَلٗا صَٰلِحٗا وَلَا يُشۡرِكۡ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا ۝١١٠﴾ [الكَهۡف : ١١٠] واتە: [ فَمَنْ كانَ يَرْجُو لِقاءَ رَبِّهِ ] جا هەر کەسێك بە ئومێدی گەیشتنە بە خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت بە سەری بەرزو بە ڕووی سپی کە باوەڕدارانن [ فَلْيَعْمَلْ عَمَلاً صالِحاً ] با لە دونیادا کردەوەی چاك بکەن، (واتە: لەسەر سوننەتی پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - بێت و بیدعە نەبێت) [ وَلا يُشْرِكْ بِعِبادَةِ رَبِّهِ أَحَداً (١١٠) ] وە لە کاتی عیبادەت کردن بۆ پەروەردگاری هیچ کەسێك نەکاتە شەریك بۆ خوای گەورە، (واتە: بۆ ڕیای نەبێت و بە ئیخلاص و دڵسۆزیەوە کردەوەکانی بۆ خوای گەورە ئەنجام بدات) ئەم ئایەتە هەردوو مەرجەکەی وەرگرتنی کردەوەی کۆکردۆتەوە، والله أعلم .

ئەی ڕۆڵەی شیرینم شعیب : هەر چەندە بژی ڕۆژێك دێ دەمری ..؟! هەر کێت خۆش بوێ ڕۆژێك دی بە جێی دەهێلی ..؟!

ئەی ڕۆڵەی ئازیزم شعیب : هەر چیت دەوێ بیکە ، بەلاّم ڕۆژێك دێ هەقی خۆت لە مستت دەنرێ ، وەیان لێ پرسینەوەی لە گەلّ دەکرێ ..؟!

ئەی ڕۆڵەی هۆشیار شعیب : پێم  نالێی جگە لە قورئان و سوننەت و زانستی شەرعی سوودت پێ دەگەیەنێ لە دونیا و لە قیامەتدا..؟!

ئەی ڕۆڵەی ئازیزم شعیب : هەمیشە بە تەنگەوەی گیانی خۆت بە کە گوێت لە ئایەتەکانی سورەتی (الفجر ) دەبێت ، کە (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : ﴿يَـٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ ۝٢٧ ٱرْجِعِىٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً ۝٢٨ فَٱدْخُلِى فِى عِبَـٰدِى ۝٢٩ وَٱدْخُلِى جَنَّتِى ۝٣٠﴾[الفَجر : ٢٧ - ٣٠] واتە : {نەفسی هێمن و ئارام} [ يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ (٢٧) ] ئەی ئەو نەفسەی کە هێمن و ئارام بوویتە لە دونیادا کە دڵت هێمن و ئارام بووە بە ئیمان هێنان و تەوحیدو یەکخواپەرستی و زیکرو یادی خوای گەورەو بە تاعەت و عیبادەت و ڕازی بوون بە بڕیارەکانی خوای گەورە..!! [ ارْجِعِي إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً (٢٨) ] بگەڕێرەوە بۆ لای خوای گەورە، تۆ لە نەفسی خۆتدا ڕازیت و لە خواش ڕازی بوویتە، وە خوای گەورە لە تۆ ڕازیەو تۆش لە خوا ڕازی بوویتە وە خوای گەورە ئەوەندەی پێ ئەبەخشێ تا ڕازی ئەکات..!! [ فَادْخُلِي فِي عِبَادِي (٢٩) ] تۆ وەرە ناو کۆی بەندە چاکەکانی منەوە..!! [ وَادْخُلِي جَنَّتِي (٣٠) ] وە لەگەڵ ئەوانەدا وەرە ناو بەهەشتی منەوە..!!

ئەی ڕۆڵەی ئازیزم شعیب : ئەگەر بەتەنیا زانین و زانیاری بێ کردەوە ، سوودی هەبوایە ... حجەی ئەوە نەبوو (خوای گەورە ) داوا لە مرۆڤ بکا پەشیمانی خۆیان بنوێنن و تەوبە بکەن ..؟! هەر وەك دەفەرمووێت : ﴿ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَآ إِنَّنَآ ءَامَنَّا فَٱغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ۝١٦﴾[آل عِمۡرَان : ١٦] واتە : ئەو کەسانەی لە باوەڕداران دوعا ئەکەن و ئەپاڕێنەوە ئەی پەروەردگار ئێمە ئیمانمان بەتۆ هێناوە بۆخاتری ئیمان هێنانمان پێت لە تاوانەکانمان خۆشبە وە بمانپارێزە لە ئاگری دۆزەخ (ئەمە تەوەسول کردنە بە ئیمان و کردەوەی چاکی خۆت کە دروستە) ..!! هەروەها (خوای گەورە ) دەفەر موویێت : ﴿ٱلتَّـٰٓئِبُونَ ٱلْعَـٰبِدُونَ ٱلْحَـٰمِدُونَ ٱلسَّـٰٓئِحُونَ ٱلرَّٰكِعُونَ ٱلسَّـٰجِدُونَ ٱلْـَٔامِرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَٱلنَّاهُونَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَٱلْحَـٰفِظُونَ لِحُدُودِ ٱللَّهِ ۗ وَبَشِّرِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۝١١٢﴾[التَّوۡبَة : ١١٢] واتە : [ التَّائِبُونَ الْعَابِدُونَ الْحَامِدُونَ السَّائِحُونَ ] ئەو کەسانەی کە تەوبە ئەکەن و لە تاوان ئەگەڕێنەوە، وە ئەوانەی بە تاك و تەنها عیبادەتی خوای گەورە ئەکەن، وە ئەوانەی حەمدو سەناو ستایشی خوای گەورە ئەکەن لە کاتی خۆشی و ناخۆشی، وە ئەوانەی کە بەڕۆژوون، یاخود ئەوانەی جیهاد ئەکەن لە پێناو خوای گەورە [ الرَّاكِعُونَ السَّاجِدُونَ ] وە ئەوانەی لە کاتی نوێژدا لە ڕکوع و لە کڕنوشدان [ الْآمِرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَالنَّاهُونَ عَنِ الْمُنكَرِ ] وە ئەوانەی فەرمان بە چاکە ئەکەن و ڕێگری لە خراپە ئەکەن [ وَالْحَافِظُونَ لِحُدُودِ اللَّهِ ] وە ئەوانەی سنووری خوای گەورە ئەپارێزن و نایبەزێنن و فەرمانەکانی خوا جێبەجێ دەکەن [ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ (١١٢) ] وەموژدە بدە بەو ئیماندارانەی کە ئەم وەسفانەیان تیایە..!!

ئەی ڕۆڵە ئازیزم شعیب : لەیادت نەچێت ژیان ڕێگایەکە پڕە لە تاقی کردنەوە هەندێ جار سەختە هەندێ جار ئاسانە ..!!

# چەند ئامۆژگاریەکی لقمان حەکیم بۆ رۆلەکەی

١ - ئەی کورِە شیرینەکەم : نەکەی کەسێك یان شتێك بکەی بە هاوبەش و هاوتای (خوای گەورە ) چونکە بەڕاستی هاوتاو هاوبەش پەیدا کردن بۆ خوا ستەمێکی گەورەیە کە مرۆڤ لە خۆی دەکات ..؟!

هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرمووێت : ﴿وَإِذْ قَالَ لُقْمَٰنُ لِٱبْنِهِۦ وَهُوَ يَعِظُهُۥ يَٰبُنَىَّ لَا تُشْرِكْ بِٱللَّهِ ۖ إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴿١٣﴾﴾ [لُقْمَان : ١٣]

٢ -ئەی کورِە ئازیزەکە م: بە ڕاستی ئەگەر گوناهێك بە ئەندازەی تۆوی خەردەلەیەك هەبێت و لە ناو بەردێکدا لەناو ئاسمانە کان یان لە زەویدا حەشار درابێت (خوای گەورە ) دەیهێنێتەوە رێت ، بە ڕاستی خوا هیچ شتێکی لا شاراوە نییە و زۆریش ئاگادارە ..؟!

هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرمووێت : ﴿يَٰبُنَىَّ إِنَّهَآ إِن تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ فَتَكُن فِى صَخْرَةٍ أَوْ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ أَوْ فِى ٱلْأَرْضِ يَأْتِ بِهَا ٱللَّهُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ ﴿١٦﴾﴾ [لُقْمَان : ١٦]

٣ -ئەی کورِە خۆشەویستەکەم : نوێژەکانت بە چاکی ئەنجام بدە ، فەرمان بکە بە چاکە و ڕێگری بکە لە خراپە و ئارام بگرە لە بەرامبەر ئەو ناخۆشیانەی توشت دەبن ، بە ڕاستی ئەوانەی کە باسکران شتانێکن کە دەبێت هەر ئەنجام بدرێن ..؟!

هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرمووێت : ﴿يَٰبُنَىَّ أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ وَأْمُرْ بِٱلْمَعْرُوفِ وَٱنْهَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَٱصْبِرْ عَلَىٰ مَآ أَصَابَكَ ۖ إِنَّ ذَٰلِكَ مِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ ﴿١٧﴾﴾ [لُقْمَان : ١٧]

٤ -ئەی کورِە شیرینەکەم : ڕووت وەرمەگێرە لە خەڵك و بەنازو فیزەوە مەڕۆ بەسەر زەویدا ، بە ڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆشناوێت کە بە نازو فیزەوە بەسەر زەویدا دەڕۆن ..؟!

هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرمووێت : ﴿وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِى ٱلْأَرْضِ مَرَحًا ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴿١٨﴾﴾ [لُقْمَان : ١٨]

٥-ئەی کوڕە شیرینەکەم : لە کاتی ڕۆشتنندا مامناوەندی برۆ و بە دەنگی نزم قسە بکە ، چونکە بەڕاستی ناخۆشترین دەنگ و بێزارترین دەنگ دەنگی کوێدرێژە ..؟!

**هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرموویت :** ﴿وَٱقۡصِدۡ فِي مَشۡيِكَ وَٱغۡضُضۡ مِن صَوۡتِكَۚ إِنَّ أَنكَرَ ٱلۡأَصۡوَٰتِ لَصَوۡتُ ٱلۡحَمِيرِ ١٩﴾ [لُقْمَان : ١٩]

٦-ئەی کوڕی خۆم : وصیەت پێ دەکەم ، کە دوو شت هەیە دەستی پێوە بگرە سەلامەت دەبیت ئەوانیش :

-ئاییینەکەت بۆ سەرفرازی ڕۆژی دوایت .

-پارەو سامانت بۆ بژێوی ژیانت .

٧-ئەی کوڕی شیرینم : بە هۆی کارو کاسبی حەڵاڵ خۆت لە هەژاری بپارێزە ، چونکە هەر کەسێك هەژار بێت سێ شتی تووشبووە:

-کەم و کوری لە ئایین و ئیمانەکەی .

-لاوازی لە لە هزرو عەقلە کەی .

-نەمانی پیاوەتی و جوامێری و شکۆمەند بوونی .

٨-ئەی کوڕە شیرینم : لە کارەکانت دا ڕاوێژ بە خاوەن ئەزموون و دونیا دیدەکان بکە تا بیرو بۆچوونی خۆیانت بە خۆڕایی بدەنێ کە خۆیان بە هەوڵ و ماندوو بوون دەستیان کەوتووە ..؟!

٩-ئەی کوڕە ئازیزەم : زۆر یادی خوا بکە ، چونکە کە سێك یادی خوا بکات (خوای گەورە)ش یادی ئەو کەسە دەکات ..؟!

١٠-ئەی کوڕە شیرینم : گوێڕایەڵی خوا بکە ، چونکە هەر کەسێك گوێڕایەڵی خوا بکات هەرچی ئاوات و مەبەست هەیە بۆ جێ بەجێ دەکات و لە خراپەی خەڵکیش دەی پارێزی ..؟!

# چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز بۆ ئامۆژگاری

١-(خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقٌّ﴾ [يُونُس : ٥٥]

واتە: ئاگاداربن کە بەڵێنی خوا ڕاست و دروستە ...

٢-(خوای گەورە ) دەفەرمووێت: قال تعالى: ﴿وَنَحۡنُ أَقۡرَبُ إِلَيۡهِ مِنۡ حَبۡلِ ٱلۡوَرِيدِ ١٦﴾ [ق : ١٦]

واتە : ئێمە لە شاڕەگی دڵی نزیکترین ...

٣-(خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ ٢٨﴾ [الرَّعۡد : ٢٨]

واتە: وابزانن کە تەنها بە زیکرو یادی خوای گەورە دڵەکان هێمن و ئارام و ئاسوودە ئەبێت ...

٤-(خوای گەورە )دەفەرمووێتقال تعالى:﴿وَهُوَ مَعَكُمۡ أَيۡنَ مَا كُنتُمۡۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ٤﴾ [الحَدِيد : ٤]

واتە: وە ئێوە لە هەر شوێنێك بن خوای گەورە لە گەڵتاندایە بە زانست و زانیاری و بیستن و بینین و توانان و دەسەڵاتی ، وە هەر چی کردەوەیەك کەئێوە ئەیکەن خوای گەورە زۆر بینایەو هەمووی ئەبینێ هیچی لێ ناشاردرێتەوە ...

٥-(خوای گەورە ) دەفەرمووێت: قال تعالى: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌۖ أُجِيبُ دَعۡوَةَ ٱلدَّاعِ﴾

[البَقَرَة : ١٨٦]

**واتە : ئەی محمد ﷺ ئەگەر بەندەکانی من پرسیاری منیان لێت کرد ، ئەوە من لێیانەوە نزیکم بە زانست و زانیاری و بیستن و بینین و تواناو دەسەڵات و ویست ئیرادە ، وە هەر کەسێك لەمن بپارێتەوە ئەوا وەڵامی ئەدەمەوە یان ئەوەتا بۆی جێ بەجێ ئەکەم ، یان بە ئەندازەی ئەو بەڵاو موسیبەتی لە سەر لادەبەم ...**

٦-(خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ حَسِيبًا ۝٦﴾ [النِّسَاء : ٦]

واتە : تەنها (خوای گەورە ) بەسە بۆ لێپرسینەوە و چاودێری ...

٧-(خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا ۝٦٤﴾ [مَرْيَم : ٦٤]

واتە : وەنەبێت پەروەردگاری تۆ هیچ شتێك فەرامۆش بکات ،وە یان پەروەردگار هیچ شتێك لە بیر ناکات ...

٨-(خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا ۝٢﴾ [الطَّلَاق : ٢]

واتە : ئەوەی لە خوا بترسێت و پارێزگار بێت ، ئەوە خوا دەرووی خێری لێ دەکاتەوە ...

٩-(خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿فَٱللَّهُ خَيْرٌ حَٰفِظًا ۖ وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ۝٦٤﴾ [يُوسُف : ٦٤]

واتە: خوا چاکترین پارێزەرە ، هەر ئەو میهرەبانترینی میهرەبانانە...

١٠-(خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى ۝١﴾ [الأَعْلَى : ١]

واتە: تەسبیحات و ستایشی پەروەردگاری بەرز بڵند وپایەدارت بکە ...

١١-(خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿فَفِرُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ﴾ [الذَّارِيَات : ٥٠]

واتە: بە پەلەو گورج گۆڵ بن بۆ بەدەست هێنانی ڕزامەندی خوا ...

١٢-(خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ٥٣﴾ [الزُّمَر: ٥٣]

واتە: ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ خوا دەفەرموویێت: ئەی بەندەکانم ... ئەوانەی خۆتان گوناهبار کردووە و هەڵەتان زۆرە ، نائومێچد مەبن لە رەحمەتی خوا ، چونکە بە ڕاستی ئەگەر ئێوە تەوبەی ڕاست و دروست بکەن ، خوا لە هەموو گوناەو و هەڵەکانتان خۆش دەبێت ، چونکە بێ گومان ئەو خوایە زۆر لێخۆشبوو و لێبووردەیە و زۆر بە سۆزو میهرەبانیشە ...

١٣-(خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ ٱلسَّيِّئَةَ﴾ [المُؤۡمِنُون: ٩٦]

واتە : هەوڵ بدە بە چاکی و جوانترین شێوە پاڵ بە هەڵەو نارێکی ناحەزانەوە بنێت ...

١٤-(خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿حَسۡبُنَا ٱللَّهُ سَيُؤۡتِينَا﴾ [التَّوۡبَة: ٥٩]

واتە: خوامان بەسە(کە لێمان رازی بێت )ئێمە فەرامۆش ناکات لە ئاییندەدا هەر پێمان دەبەخشێت لە فەزڵ و زیادە ڕێزی خۆی...

١٥-(خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿مَن جَآءَ بِٱلۡحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشۡرُ أَمۡثَالِهَا﴾ [الأَنۡعَام: ١٦٠]

واتە: ئەوەی بە یەك چاکەوە هاتبێت ئەوە (دە) چەندانەی چاکەکەی پاداشتی بۆ هەیە ...

١٦-(خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٢١٦﴾ [البَقَرَة: ٢١٦]

واتە: لەوانەیە شتێکتان لا ناخۆش بێت کەچی خێر لەوەدا بێت ،هەروەها لەوانەیە شتێکتان پێ خۆش بێت کەچی شەر لەوەدا بێت ، بێ گومان هەر خوا خۆی دەزانێت (خێر لە چی دایە ) ئێوە نایزانن ...

١٧-(خوای گەورە ) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿سَيَجۡعَلُ ٱللَّهُ بَعۡدَ عُسۡرٖ يُسۡرٗا ٧﴾ [الطَّلَاق : ٧]

واتە: دلنیابە کە (خوای گەورە) لە دوای تەنگانە و نارەحەتی هەرزانی دەهێنێت ، وە لە دوای ناخۆشی خۆشی دەهێنێت...

١٨-(خوای گەورە ) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا﴾ [لُقۡمَان : ٣٣]

واتە: با ئێوە ژیانی دونیا لە خشتەتان نەبات و هەلتان نە خەلەتێنێ...

١٩-(خوای گەورە) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ ١٧﴾ [الأَعۡلَىٰ : ١٧]

واتە: لە کاتێکدا قیامەت بە دەست هێنانی بەهەشت چاکترە و بەردەوامیشە، (بەراود ناکرێت لەگەل تەمەنی کورتی دونیادا ) ...

٢٠-(خوای گەورە ) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ٣﴾ [العَصۡر : ٣]

واتە: ئارام گرتن لە سەر بەلاو موسیبەتە بەئێش و ئازارەکان کە مرۆڤ تووشی دەبێ ،هەمیشە پابەندی حەق بن ، پابەندی حەقیش پێویستی بە خۆگری و ئارام گری هەیە ...

٢١-(خوای گەورە) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿وَأَحۡسِنُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ١٩٥﴾ [البَقَرَةِ : ١٩٥]

واتە: هەمیشە خێرو چاکە ئەنجام بدەن و چاکەخواز بن و (ماڵ و سامانتان لە پێناوی خودا ببەخشن ) چونکە بە ڕاستی خوا ئەو چاکە کارانەی خۆشدەوێت ...

٢٢-(خوای گەورە) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلۡغُرُورِ ١٨٥﴾ [آل عِمۡرَان : ١٨٥]

واتە : ژیانی دونیاش بێجگە کە ڕابواردنێکی خەلە تێنەرە شتێکی تر نییە ..

٢٣-(خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿ إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدِينِ ۝٦٢﴾ [الشُّعَرَاء : ٦٢]

واتە : بە ڕاستی پەروەردگارم لە گەڵدایە و ڕێنمووییم دەکات (بۆ ڕزگاری و سەر فرازی )...

٢٤-(خوای گەورە) دەفەرمووێت: قال تعالى: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَخْفَىٰ عَلَيْهِ شَيْءٌ﴾ [آل عِمْرَان : ٥]

واتە: بێگومان هیچ شتێك لە خوا وون نابێت ...

٢٥-(خوای گەورە) دەفەرمووێت: قال تعالى: ﴿لَّن يُصِيبَنَآ إِلَّا مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَنَا﴾ [التَّوْبَة : ٥١]

واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ بڵێ : هەر گیز لەوە زیاترمان بۆ پێش نایەت جگە لەوەی کە خوا بۆی نوسیووین ( هەرچیش بۆمان پێش دێت هرە خێرە بۆمان ) ...

٢٦-(خوای گەورە) دەفەرمووێت: قال تعالى: ﴿رَبَّنَآ أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ۝٢٥٠﴾ [البَقَرَة : ٢٥٠]

واتە: ئەی پەروەردگار خۆگری ئارامگریمان پێ ببەخشە ، وەیان خۆگری ئارامگریمان برژێنە سەرمانداو وە پێمان دامەزراو جێگیر بکە ، وە سەرمان بخە بە سەر کەسانی کافرو بێ باوەردا ...

٢٧-(خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا ۝٨١﴾ [النِّسَاء : ٨١]

واتە : وە پشت بە خوا ببەستەو کارەکانت تەنها بە خوا بسپێرە ، وە بەسە کە خوا پشتیوان و سەر خەر و یارمەتیدەرت بێت ...

٢٨-(خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ۝١٠﴾ [الزُّمَر : ١٠]

واتە : تەنها ئارامگران ئەجرو پاداشتی خۆیان وەرئەگرن بەبێ ژمارە، واتە: ئەجرو پاداشتێکی یەکجار زۆر لە بەهەشتدا.

# چەند فەرموودەیەك لە رەوشتە بەرزەکان

١-دەربارەی تۆبە کردن :

لە (ابو هريره ) — خوا لیٚ رازی بیٚت — دەگیٚریٚتەوە دەلیٚت پیٚغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( مَن قال: سُبْحانَ اللَّهِ وبِحَمْدِهِ، في يَومٍ مِائَةَ مَرَّةٍ؛ حُطَّتْ خَطاياهُ وإنْ كانَتْ مِثْلَ زَبَدِ البَحْرِ)) . صحيح البخاري برقم (٦٤٠٥)

**واتە :هەر کەسیٚك لە رۆژیٚکدا سەد جار بلیٚ :(سبحان الله وبحمده )،هەموو تاوانەکانی دەوەریٚت باوەك کەفی دەریاس بیٚت.**

## ٢–دەربارەی هاوریٚ چاك و هاوریٚ خراپ :

لە (ابو موسی ئەشعەری) — خوا لیٚ رازی بیٚت — دەگیٚریٚتەوە دەلیٚت پیٚغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( إنَّما مَثَلُ الجَلِيسِ الصَّالِحِ، والْجَلِيسِ السَّوْءِ، كَحامِلِ المِسْكِ، ونافِخِ الكِيرِ ، فَحامِلُ المِسْكِ: إمَّا أنْ يُحْذِيَكَ، وإمَّا أنْ تَبْتاعَ منه، وإمَّا أنْ تَجِدَ منه رِيحًا طَيِّبَةً، ونافِخُ الكِيرِ: إمَّا أنْ يُحْرِقَ ثِيابَكَ، وإمَّا أنْ تَجِدَ رِيحًا خَبِيثَةً )) .

صحيح مسلم برقم ( ٢٦٢٨).

**واتە : نموونەی هاوریٚ یان هاونشینی چاك و هاوریٚ و هاونشینی خراپ وەکو هەلگری میسك و کورەی ئاسنگەرە ، هەلگری میسك یان بۆنی میسك پیٚدەدات ، وەیان میسکی لیٚ دەکری ، بۆنیٚکی خۆشت لیٚ دەست دەکەویٚت ، کوورەی ئاسنگەر پۆشاکت دەسوتیٚنیٚ ، یان بۆنیٚکی پیست پیٚدەدات .**

٣–دەربارەی حەرام بوونی دانشتنی سەر رێگا ، نە زەر کردن ، ئازاردانی خەڵك :

لە (ابو سعید الخدری) – خوا لیٚ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( إِيَّاكُمْ وَالجُلُوسَ علَى الطُّرُقَاتِ، فَقالوا: ما لَنَا بُدٌّ، إنَّما هي مَجَالِسُنَا نَتَحَدَّثُ فِيهَا، قالَ: فَإِذَا أَبَيْتُمْ إِلَّا المَجَالِسَ، فأعْطُوا الطَّرِيقَ حَقَّهَا، قالوا: وَما حَقُّ الطَّرِيقِ؟ قالَ: غَضُّ البَصَرِ، وَكَفُّ الأذَىٰ، وَرَدُّ السَّلَامِ، وَأَمْرٌ بالمَعروفِ، وَنَهْيٌ عَنِ المُنْكَرِ )) . صحيح البخاري برقم (٢٤٦٥).

واتە : وریا بن لە سەر رێگاکان دامەنیشن ، ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ! ئێمە پێویستیمان بە دانیشتنە لە سەر رێگاکان بۆ ئاخاوتن لەمەر کاروبارەکانمان ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ئەگەر هەر دادەنیشن ، مافی رێگاکە بدەن . ووتیان / ئایا مافی رێگا چییە ..؟! فەرمووی : چاو نوقاندن لە حەرام ، ئازارنەدانی خەڵك ، وەڵام دانەوەی سەلام ، فەرمان کردن بە چاکە ، جلەوگیریکردن لە خراپە ...

٤–دەربارەی وازهێنان لە هەر شتێك کە موسلمان دووربخاتەوە لە زیکر و یادی خوا :

لە (ابو هریرە ) – خوا لیٚ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( ... أَلا كُلُّ شيءٍ ما خَلا اللَّهَ باطِلُ )) . صحيح البخاری برقم ( ٦٤٨٩).

واتە : ئاگادارین هەموو شتێك جگە لە خوا بەتاڵ و بیٚ هودەیە .

٥–دەربارەی چاو برینە لە خۆ نزمتر نە وەك چاو برینە لە خۆ بەرزتر :

لە (ابو هريره ) – خوا لیٚ رازی بیٚت – دەگیٚریٚتەوە دەلیٚت پیٚغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( إذا نَظَرَ أحَدُكُمْ إلى مَن فُضِّلَ عليه في المالِ والخَلْقِ، فَلْيَنْظُرْ إلى مَن هو أسْفَلَ منه)) صحيح البخاري برقم (٦٤٩٠).

واتە: ئەگەر کەسیٚکتان سەیری کەسیٚکی کرد لەو زۆرتر سامان و جوانی و لاشەی پیٚ درابوو ، ئەوە با سەیری کەسیٚك بکات لەو نزمترە کەمتر پیٚ دراوە .

٦–دەربارەی ئەوەی کە مرۆڤ خۆی سەرقال نەکات بۆ شتیٚك کە پەیوەندیان بە ئەوەوە نییە :

لە (ابو هريره ) – خوا لیٚ رازی بیٚت – دەگیٚریٚتەوە دەلیٚت پیٚغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( مِن حُسنِ إسلامِ المرءِ ترْكُهُ مالا يَعنيهِ )) .صحيح الالباني بشرح الطحاوي ص(٢٦٢).

واتە : جوانیەکانی ئیسلام لەوە دایە خۆی سەرقالی شتیٚك ناکات کە پەیوەندی بە ئەوەوە نییە .

٧–دەربارەی رەوشت جوانی بەرانبەر بە خەلکی :

لە (عبدالله کوری عمرو ) – خوا لیٚ رازی بیٚت – دەگیٚریٚتەوە دەلیٚت پیٚغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( اسْتقِمْ و لْيَحْسُنْ خُلُقُك للناسِ )) . اخرجه ابن حبان برقم ( ٥٢٤).

واتە : بەردەوام رەوشت جوانبە لەگەل خەلکدا .

**٨–دەربارەی دامەزراوی بەردەوام بوون لەسەر باوەر هێنان بە (خوای گەورە ):**

لە (سفیان کوری عبداللە سەقەفی ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( قل : ربِّيَ اللهُ، ثم استَقِمْ )) . سنن الترمذي برقم (٢٤١٠).

**واتە : بلێ (اللە) پەروەردگارمە ، لە پاشدا بەردەوام پابەندی ئەو بارەرهێنانە بە کە رێبازێکی راستە .**

**٩–دەربارەی چاکە کردن (الاحسان ):**

لە (ابو هريره ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( ... الإحْسَانُ أنْ تَعْبُدَ اللَّهَ كَأنَّكَ تَرَاهُ، فإنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فإنَّه يَرَاكَ ... )) . صحيح البخاری برقم (٤٧٧٧).

**واتە : چاکەکاری ئەوەیە کە خوا بپەرستی وەك ئەوەی خوا ببینی ، جا ئەگەر خوا نەبینی ئەوە بێ گومان خوا تۆ دەبینێت .**

**١٠–دەربارەی شەرم کردن :**

لە (عبداللە کوری عمر ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت :

((أنَّ رسولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مرَّ برجلٍ وهو يعظُ أخاه في الحياءِ فقال رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ علَيهِ وسلَّمَ الحياءُ من الإيمانِ)) . سنن الترمذي برقم (٢٦١٥).

**واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ دای بەلای پیاوێکدا لە بارەی شەرم و شکۆ ، وە ئامۆژگاری برایەکی موسلمانی دەکرد ، پێی فەرموو : ( شەرم شکۆ لە باوەرەوەیە ) .**

## ١١–دەربارەی ترسان لە سزای خودا ئومید بوون بە رەحمەتی خودا :

لە (ابو هريرە ) – خوا لیّ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت: لە پێغەمبەری خوام ﷺ بیست دەی فەرموو :

(( إنَّ اللَّهَ خَلَقَ الرَّحْمَةَ يَومَ خَلَقَها مِائَةَ رَحْمَةٍ، فأمْسَكَ عِنْدَهُ تِسْعًا وتِسْعِينَ رَحْمَةً، وأَرْسَلَ في خَلْقِهِ كُلِّهِمْ رَحْمَةً واحِدَةً، فلوْ يَعْلَمُ الكافِرُ بكُلِّ الذي عِنْدَ اللَّهِ مِنَ الرَّحْمَةِ، لَمْ يَيْئَسْ مِنَ الجَنَّةِ، ولو يَعْلَمُ المُؤْمِنُ بكُلِّ الذي عِنْدَ اللَّهِ مِنَ العَذابِ، لَمْ يَأْمَن مِنَ النَّارِ )) . صحيح البخارى برقم (٦٤٦٩).

( بە ڕاستی لەو ڕۆژەوەی خوا بەزەیی و سۆزی دروست کرد بە سەد بەش دروستی کرد ، ئینجا نەوەد و نۆ بەشی لای خۆی هێشتۆتەوە یان ( هەلی گرتووە بۆ قیامەت لەویّ بەکاری دێنیّ ) ، یەك بەشی بەزەیی ناردووە بۆ ناو دروستکراوەکان هەموویان ، بۆ ئەگەر بیّ باوەر یان کافر ئاگادار بوایە بەو هەموو بەزەییەی لای خودایە ، بیّ هێوا نەدەبوو لە بەهەشت ، وە ئەگەر ئیمانداریش ئاگادار بوایە بەو هەموو سزاییەی لای خودایە ، دلّنیانە دەبوو لە نەچوون بۆ دۆزەخ ) .

## ١٢–دەربارەی خێرا کردن لە کردەوەی چاکە پێش گەیشتنە کاتی مردن :

لە (عبدالله کوری عمر ) – خوا لیّ رازی بێت – دەلێت :

(( أخَذَ رَسولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّم بمَنْكِبِي، فَقالَ: كُنْ في الدُّنْيَا كَأنَّكَ غَرِيبٌ أوْ عَابِرُ سَبِيلٍ. وكانَ ابنُ عُمَرَ يقولُ: إذَا أمْسَيْتَ فلا تَنْتَظِرِ الصَّبَاحَ، وإذَا أصْبَحْتَ فلا تَنْتَظِرِ المَسَاءَ، وخُذْ مِن صِحَّتِكَ لِمَرَضِكَ، ومِنْ حَيَاتِكَ لِمَوْتِكَ )) . صحيح البخارى برقم (٦٤١٦).

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ شانی گرتم و فەرمووی : ( لە دونیادا وەك کەسێکی غەریب بە ، یان وەك ڕێبوارێك بە ) ، (کوری عمر ) دەی ووت : ئەگەر ئێوارەت بەسەر دا هات چاوەڕوانی بەیانی مەکە ، وە ئەگەر ڕۆژت لیّ بوویەوە چاوەڕوانی ئێوارە مەکە ، لە تەندروستی باشیت یان لەش ساغیت بەهرە وەرگرە بۆ کاتی نەخۆشیت ، وە لەکاتی ژیانت بەهرە وەرگرە بۆ کاتی مردنت .

١٣–دەربارەی دڵسۆزی بوون بۆ (خوای گەورە ) :

لە (عمري كوری خطاب ) – خوا لیٚ رازی بێت – دەڵێت : لە پێغەمبەری خوام ﷺ بیست دەی فەرموو :

((يا أيُّها النَّاسُ، إنَّما الأعْمالُ بالنِّيَّةِ، وإنَّما لِامْرِئٍ ما نَوَى، فمَن كانَتْ هِجْرَتُهُ إلى اللَّهِ ورَسولِهِ، فَهِجْرَتُهُ إلى اللَّهِ ورَسولِهِ، ومَن هاجَرَ إلى دُنْيا يُصِيبُها أوِ امْرَأَةٍ يَتَزَوَّجُها، فَهِجْرَتُهُ إلى ما هاجَرَ إلَيْهِ)) .صحيح البخاري برقم (٦٩٥٣).

واتە: ئەی خەڵكینە بیٚ گومان هەموو كردەوەكان پەیوەستن بە دڵسۆزی یان بە نییەتەوە ، بە ڕاستی هەر كەسێكیش چ دڵسۆزی نییەت و مەبەستێكی لە كردەوەكەیدا هەبیٚ ئەوەی بۆ هەیە و دەنووسریٚ لە لای خودا ، كەواتە هەر كەسی كۆچكردنەكەی لە پێناوی ڕەزامەندی خوا و پێغەمبەركەیدا ﷺ بێت ، ئەوە كۆچ و هیجرت لەبەر خوا و پێغەمبەر ﷺ دادەنریٚ ، پاداشتی ئەوەی دەدرێتەوە ، بەڵام ئەو كەسەی كۆچكردنەكەی بۆ ئەوە بێت دونیای دەستكەوێت ، یان لەبەر ئافرتێك بێت بۆ ئەوەی مارەی بكات ، ئەوە كۆچكردنەكەی بەپێی ئەو شتەیە كۆچی بۆ كردووە ، لە لای خوا هیچ پاداشتێكی نییە .

١٤–دەربارەی خۆ دوورگرتن لە (ریاء) بازی یان روو پەمەیی و بەر چاوی :

لە (جندب كوری عبدالله ) خوا لیٚ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( مَن سَمَّعَ سَمَّعَ اللَّهُ به، ومَن يُرائِي يُرائِي اللَّهُ بهِ )) . صحيح البخاري برقم ( ٦٤٩٩).

واتە: هەر كەسێك بە بیٚ دڵسۆزی و بۆ ئەوەی خەڵك ببینێت و مەدح وسەنای بكەن بۆ ناوبانگ كارێك بكات ، خودا ئەو كەسە بۆ خەڵك ئاشكرا دەكات و ناوی دەزرێنێت ، وە هەر كەسێكیش بۆ (ریاء) یان روو پەمەیی و بەرچاوی كارێك بكات ئەوا خوا لە پێش چاوی خەڵكی ئابرووی دەبات .

١٥–دەربارەی بەردەوام بوون لە سە زیکرو یادی (خوای گەورە ) بەردەوام قورئان خوێندن :

لە (ابو هريره ) – خوا لیّ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( يقولُ اللَّهُ تعالى : أَنا عِندَ ظنِّ عبدي بي وأَنا معَهُ حينَ يذكُرُني، فإن ذَكَرَني في نفسِهِ ذَكَرتُهُ في نَفسي، وإن ذَكَرَني في ملإٍ ذَكَرتُهُ في ملإٍ خيرٍ منهم ، وإن اقترَبَ إليَّ شبرًا اقترَبتُ منهُ ذراعًا، وإن اقتربَ إليَّ ذراعًا اقترَبتُ إليهِ باعًا، وإن أتاني يَمشي أتيتُهُ هروَلةً )). سنن الترمذي برقم (٣٦٠٣).

واتە: (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : من لەگەل گومانی بەندەی خۆمم ، من لە گەڵیدام کاتێك یادم دەکات ، ئەگەر لە دەروون و نەفسی خۆیدا یادم بکات ، ئەوا منیش بە و شێوە یادی دەکەم ، خۆ ئەگەر لە ناو کۆمەڵێکدا یادم بکات ئەوە منیش لە ناو کۆمەڵێکی چاکتر لەوان یادی ئەو دەکەم ، ئەگەر یەك بست لەمن نزیك ببێتەوە ، ئەوا من یەك گەز لێی نزیك دەبمەوە ، ئەگەر بە ئاسایی یان بە رۆیشتن بێت بۆ لام ، ئەوا من بە خێرای بەروە رووی دەچم یان بەرەو پیری دەرۆم .

١٦–دەربارەی شکرو سوپاس کردن لە سەر نیعمەتێك یان خۆشییەك ،وە ئارام گرتن لە سەر بەلاو موسیبەتێك :

لە (صهيب کوری سنان رومی ) – خوا لیّ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( عَجَبًا لأَمْرِ المُؤْمِنِ، إنَّ أمْرَهُ كُلَّهُ خَيْرٌ، وليسَ ذاكَ لأَحَدٍ إلَّا لِلْمُؤْمِنِ، إنْ أصابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ، فَكانَ خَيْرًا له، وإنْ أصابَتْهُ ضَرَّاءُ، صَبَرَ فَكانَ خَيْرًا له )). صحيح المسلم برقم (٢٩٩٩).

واتە: کاروباری ئیماندار چێی سەر سورمانە ! هەموو کار و فەرمانێکی هەر مایەی خێرە بۆی ، ئەمەش هیچ کەس نیە جگە لە ئیماندار ، ئەگەر خۆشیەکی پێگەیشت ئەو شکرو سوپاسی خوا دەکات لەسەری ، ئەمەش دەبێتە خێر بۆ ئەو ، ئەگەریش ناخۆشیەکی پێگەیشت و ئارامی لەسەر گرت دەبێتە خێر بۆ ئەو .

١٧–دەبارەی رازیبوون بە قەزاو قەدەر :

لە (عبدالله كوری مسعود ) – خوا لیّ رازی بیّت – دەگیّریّتەوە دەلیّت : پیّغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( لا تُرضِينَّ أحدًا بسخَطِ اللهِ، ولا تحمدنَّ أحدًا على فضلِ اللهِ، ولا تذمَّنَّ أحدًا على ما لم يؤتِك اللهُ، فإنَّ رزقَ اللهِ لا يَسوقُه إليك حرصُ حريصٍ، ولا يردُّه عنك كراهيةُ كارهٍ، وإنَّ اللهَ بقسطِه وعدلِه جعل الروحَ والفرحَ في الرضا واليقينِ، وجعل الهمَّ والحزنَ في السُّخطِ )) . شيخ الالباني في ضعيف الترغيب برقم (١٠٦٤).

واتە: هیچ كەسیّك رازی مەكە بە توورەكردنی خودا ، سوپاسی هیچ كەسیّكیش مەكە لەسەر نیعمەتەكانی خودا ، لۆمەی هیچ یەكیّكیش مەكە لەسەر شتیّك كە خودا نەیویستوە ببیّت ، چونكە بە كۆششی كۆششكاریّك رزقی خودات بۆ نایەت و ، بە پیّناخۆشبوونی پیّناخۆشیّكیش رزقی خودا لە تۆ كەم ناكات یان ناگەریّتەوە – چونكە ئەوەی بۆت دانراوە هەر پیّدەگات – خودای مەزن بە دادگەرییەكەی ، ئاسوودەیی و هیّمنی و كەیف خۆشە لە رازیبوون بە قەزاو دلنیاییدا داناوە ، غەم و دلتەنگیشی لە گومان و رازی نەبوون بە قەزاو قەدەردا داناوە .

١٨–دەربارەی كاركردن و كاسبی حەلال باشتر لە دوا كردن و دەرۆزە كردن لە خەلك :

لە (الزبیر كوری العوام )– خوا لیّ رازی بیّت – دەگیّریّتەوە دەلیّت :

(( لَأَنْ يَأْخُذَ أحدُكُمْ حَبْلَهُ فيَأْتِيَ الجَبَلَ، فيَجِيءَ بِحِزْمَةِ الحَطَبِ على ظَهْرِهِ، فيَبِيعَها، فيَكُفَّ اللهُ بِها وجَهَهُ، خَيرٌ لهُ من أن يَسألَ الناسَ، أعْطَوْهُ، أوْ مَنَعُوهُ )) . شيخ الالباني صحيح الجامع برقم (٥٠٤١).

واتە: ئەگەر یەكیّكتان حبلەكەی یان گوریسەكەی هەلبگریّ و ، بچیّتە سەر چیا ، جا كۆمەلە داریّك بهیّنیّ بە لەسەر پشتی دانیّ و ، بیفرۆشیّت ، بۆ ئەوەی پیّویستی بە خەلك نەبیّ ، باشترە بۆ ئەو لەوەی كە داوا لە خەلكی بكات ، جا ئەوانیش ئاخۆ دەیدەنیّ یان نایدەنیّ .

## ١٩–دەربارەی رازی بوون بەو بەشەی کە (خوای گەورە ) پێداوی ،مەبەست لێی (قەناعەت ) بوون :

لە (عبدالله کوری عمرو ) – خوا لیّ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( قدْ أفلَحَ مَنْ أسلَمَ ورُزِقَ كَفافًا ، وقنَّعَهُ اللهُ بما آتاهُ )). شيخ الالباني صحيح الجامع برقم (٤٣٦٨).

واتە: سەرفراز بوو ئەو کەسەی گوێرایەڵی (خوای گەورە)ی کردووە، ئەوەندە ڕزقێکی حەلالی پێدراوە کە لە دونیادا تەنها پێداویستیەکانی دابین بکاو ، (خوای گەورە ) قەناعەتی پێداوە لەسەر ئەو بەشە مالەی کە هەیەتی .

## ٢٠دەربارەی پشت بەستن تەنها بە خودای بەرز و بڵند و پایە بەرز :

لە (عبدالله کوری عباس ) –خوا لیّ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( يَدْخُلُ الجَنَّةَ مِن أُمَّتي سَبْعُونَ ألْفًا بغيرِ حِسابٍ، هُمُ الَّذِينَ لا يَسْتَرْقُونَ، ولا يَتَطَيَّرُونَ، وعلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ)) .صحيح البخاری برقم (٦٤٧٢).

واتە : لە ئۆممەتی من حەفتا هەزار –(کۆمەلە) – بەبیّ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشتەوە، ئەوانە ئەو کەسانەن کە داوای نوشتە ناکەن ، ڕەشبینی ناکەن ، تەنها پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن .

## ٢١–دەربارەی خۆ دوور گرتن لە شتە حەرامەکان و پارێزگاری کردن لە شتە گومانەکان :

لە (النعمان کوری بشیر ) – خوا لیّ رازی بێت – دەلێت : لە پێغەمبەری خوام بیست دەیفەرموو :

(( الحَلَالُ بَيِّنٌ، والحَرَامُ بَيِّنٌ، وبيْنَهُما مُشَبَّهَاتٌ لا يَعْلَمُهَا كَثِيرٌ مِنَ النَّاسِ، فَمَنِ اتَّقَى المُشَبَّهَاتِ اسْتَبْرَأَ لِدِينِهِ وعِرْضِهِ، ومَن وقَعَ في الشُّبُهَاتِ: كَرَاعٍ يَرْعَى حَوْلَ الحِمَى، يُوشِكُ أنْ يُوَاقِعَهُ، ألَا وإنَّ لِكُلِّ مَلِكٍ حِمًى، ألَا إنَّ حِمَى اللَّهِ في أرْضِهِ مَحَارِمُهُ، ألَا وإنَّ في الجَسَدِ مُضْغَةً: إذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الجَسَدُ كُلُّهُ، وإذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الجَسَدُ كُلُّهُ، ألَا وهي القَلْبُ )) . صحيح البخاری برقم (٥٢).

واتە : ئەوەی حەڵاڵە ڕوون ئاشکراو دیارە ، ئەوەشی حەڕامە ڕوون ئاشکراو دیارە ، بەڵام لە نێوانیاندا شتانێك هەن لە هەر دوولا دەچن (لە حەڵاڵ و لە حەڕام ) ، جێگەی گومانن زۆربەی خەڵکی (حوکمەکەیان ) نازانن ، ئینجا ئەو کەسەی خۆی لە شتی گوماناوی بپارێزی ، ئەوە ئایین و ناموسی خۆی لە تانەی پاراستووە ، بەڵام کەسێك بکەوێتە نێو شتی گوماناوی (بیکات) وە شوانێ وایە ماڵاتەکەی لە دەوروبەری (لەوەری ) قەدەغەکراودا بێت بی لەوەرێنێ ، دوور نییە ماڵاتەکەی لە لەوەڕە قەدەغەکراوەکەش بلەوەڕێ ، بێدار بن بەڕاستی هەموو پادشا یەك قەدەغەی خۆی هەیە ، بێداریش بن قەدەغەی خواش لە سەر زەویدا ئەو شتانەن کە حەڕامی کردوون ، ئاگادار بن لە جەستەی مرۆڤ پارچە گۆشتێك هەیە ، ئەگەر چاك و باش بوو ، ئەوسا هەموو (پارچەکانی ) جەستەی مرۆڤ چاك و باش دەبێت ، خۆ ئەگەر ئەو پارچە گۆشتە خراپ بوو ، ئەوسا هەموو جەستەی مرۆڤ خراپ و ناساز دەبێ ، ئاگادار بن ئەو پارچە گۆشتە دڵە .

٢٢–دەربارەی چاکە کردن لە گەل دایك و باوکدا :

لە (عبدالله کوری مسعود ) – خوا لیّ رازی بێت – دەگێریتەوە دەلیّت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( سَأَلْتُ النبيَّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ: أيُّ العَمَلِ أحَبُّ إلى اللَّهِ؟ قالَ: الصَّلَاةُ علَى وقْتِهَا قالَ: ثُمَّ أيٌّ؟ قالَ: برُّ الوَالِدَيْنِ قالَ: ثُمَّ أيٌّ؟ قالَ: الجِهَادُ في سَبيلِ اللَّهِ قالَ: حدَّثَني بهِنَّ، ولَوِ اسْتَزَدْتُهُ لَزَادَنِي )) . صحيح البخاری برقم (٥٩٧٠).

واتە: پرسیارم لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد، کامە کردەوە لای (خوای گەورە ) خۆشەویسترە ..؟! فەرمووی : ( نوێژ کردن لە سەرەتای کاتەکەیەوە ) ووتی : پاشان چ کردەوەیەکی تر ..؟! فەرمووی : (پاشان چاکە کردن لە گەل دایك و باوکدا ) ووتی : پاشان چی تر ..؟! فەرمووی : ( خەبات یان جیهاد و تێکۆشان لە پێناو ئایینی خودا ) (عبدالله ) ووتی : ئەمانە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ووتم و بۆی باس کردم ، وە ئەگەر پرسیاری زیاترم بکردایە وەلامی دەدامەوە .

٢٣–دەربارەی ئیماندار ئەوەی پیّ خۆشە بۆ خۆی ، ئەوەشی پیّ خۆشە بۆ برا ئیماندارەکەی :

لە (ئەنسی کوری مالك ) – خوا لیّ رازی بێت – دەگێریتەوە دەلیّت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( لَا يُؤْمِنُ أحَدُكُمْ، حتَّى يُحِبَّ لأخِيهِ ما يُحِبُّ لِنَفْسِهِ )) . صحيح البخاری برقم (١٣).

واتە : ئیمانی هیچ یەکێکتان تەواو نابیّ ، تاوەکو ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە ، بۆ برا ئیماندارەکەشی پێی خۆش نەبێت .

٢٤– دەربارەی جوانی ڕەوشت :

لە (ابو هريره ) – خوا لیّ رازی بێت – دەگێریتەوە دەلیّت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( أكمَلُ المؤمنين إيمانًا أحسَنُهم خُلقًا )).صحيح ابن حبان برقم (٤٧٩).

واتە : تەواوترینی ئیمانداران لە ڕووی ئیمانەوە ، ئەو ئیماندارانەن کە ڕەوشتەکانیان جوانترو رێکترن .

# چەند حیکمەتێکی زێرین لە حیکمەتەکانی ئیمامی (علی ) خوا لیٚ رازی بێت

ئیمامی (علی ) – خوا لیٚ رازی بێت – دەڵێت :

١-بەڵای ئەمانەت ، ناپاکییە .

٢-بەڵای بەخشندەیی ، زیادەڕەوییە .

٣-بەڵای ئایین داری ، کەمی قەناعەتە .

٤-بەڵای توانا ، ڕیگرییە لە چاکە کاری .

٥-بەڵای عەقل و ژێری ، هەواو ئارەزووە .

٦-بەڵای سەرباز ، سەرپێچیکردنی فەرماندەکەیەتی .

٧-قسەکردن و ئاخاوتن ، درۆکردنە .

٨-بەڵای چاکە ، هاوریٚ خراپە .

٩-بەڵای دین ، گومان بردنی خراپە .

١٠-بەڵای زیرەکی ، تەڵەکەبازییە .

١١-بەڵای میهرەبانی ، سەر شۆڕییە .

١٢-بەڵای بەخشندەیی ، منەتکردنە .

١٣-بەڵای ملکەچی ، تاوانە .

١٤-بەڵای پەرستن ، دوو ڕووییە .

١٥-بەڵای دادپەرەوەی ، ستەمکاری و زۆردارییە .

١٦-بەڵای زانا ، خۆشەویستی بۆ دەسەڵاتە.

١٧-بەڵای زانست ، کار پیٚ نەکردنیەتی .

١٨-بەڵای ئاوەدانی ، ستەمکردنی فەرمانڕەواکانە .

١٩-بەڵای کارو کردەوە ، نەبوونی دڵسۆزییە .

٢٠-بەڵای فەرمانڕەوا ، چاوچنۆکییە .

٢١-بەڵای ژیری ، لە خۆباییبوونە .

٢٢-بەڵای ژیان ، خراپ بیرکردنەوەیە .

٢٣-بەڵای سەرکەوتن ، تەنبەڵییە .

٢٥-بەڵای نیعەمەت ، ناشوکرییە .

٢٦-بەڵای نەفس و دەروون ، شەیدایی دونیایە .

٢٧-بەڵای هەیبەت و سەنگینی ، گاڵتە کردنە .

٢٨-بەڵای وەفاداری ، ناپاکییە .

٢٩-هەموو خوشەویستییەك بە هاورێکەت ببەخشە ، بەڵام هەموو دڵنیاییەکی پێ مەبەخشە ، هەموو دڵسۆزی خۆتی بۆ دەربڕە ، بەڵام هەموو نهێنییەکانی خۆتی پێ مەڵێ .

٣٠-لەگەڵ هەموو خەڵکیدا چاکە کاربە ، چونکە پاداشتی کاری چاکە لای (خوای گەورە ) بە هیچ شتێك بەرادورد ناکرێ .

٣١-دوورترین خەلکی ئەوکەسانەن لە چاکە کارییەوە ، ئەوانەن کە درۆزن وچەقاوەسوون .

٣٢-دوورترین و بێزراوترین کەس ، لە لای (خوای گەورە) ئەو کەسەی پیری ئاخیر شەرە یان پیری داوێن پیسە .

٣٣-دوورترین و بێزراوترین کەس ، لە لای (خوای گەورە ) ئەو کەسەی پاشەملە باسی خەلکی دەکات .

٣٤-خۆبەکەمزان بە ، بەرز دەبیتەوە .

٣٥-لە خوا بترسە..؟! سەرفراز دەبیت .

٣٦-بەهۆی گوێرایەلییەوە لە خودا بترسە و بەهۆی ترسی خوداوە گوێرایەڵ بە .

٣٧-لە خودا بترسن بەو شێوەیەی کە شایستەی ئەوە ، بۆ ڕەزامەندی ئەو هەوڵ بدەن و خۆتان لەو شتانە بپارێزن کە حەرامکراون ، چونکە سزای (خوای گەورە ) بە ئازارە .

٣٨-خۆتان لە ستەم کردن بپارێزن ، چونکە ڕاکێشەری نەهامەتییە و لە ناوبەری نیعمەتەکانە .

٣٩- لە نزای ستەم لێکراو بترسن ، چونکە داوای مافی خۆی لە (خوای گەورە ) دەکات و (خوای گەورە)ش بەخشندەترینە بۆ ئەوەی کە داوای لێ بکرێت ، هەر بۆیە وەڵام دەداتەوە .

٤٠-خۆپاراستن لەخراپە کاری لە پێشترو ئەولاترە ، لە چاکە کردن .

٤١-پاشترین بەلگە لەسەر ڕاستگۆیی ، باوەڕ ، ڕازیبوون و گوێرایەڵییە .

٤٢-توانای خۆت بخەگەڕ و خۆت ئامادەکە بۆ وەڵامدانەوە ، لە ڕۆژی محاسبە یان پرسیارو لێ پێچینەوە دا .

٤٣-سکاڵا بۆ لای کەسێك ببە کە توانایی وەڵامدانەوەی سکاڵاکەی تۆی هەیە .

٤٤-باهەموو خەم وپەرژارەو کارەکانت بۆ ڕۆژی دوایی بێت یان بۆ ڕۆژی لێ پێچینەوە بێت .

٤٥-باشترین کاربەدەستان ، ئەوانەن کە هەواو ئارەزووەکانی دونیا بەسەریاندا زاڵ نییە .

٤٦-مردن کۆتایی هیواو خۆزگەکانە .

٤٧-ئەگەر قسەی جوان بکەن ، ئەوا گوێبیستی وەڵامی جوان دەبن .

٤٨-نەفام ونەزانترینی خەلکی ئەوانەن بە قسەی مدح وسەنای ماستاو چییەکان لە خۆبایی دەبن ، کە جوانیان بۆ ناشرین دەکات ، ئامۆژگاریکەریان لە بەر چاو دەخات .

٤٩- زمانت بگرە ، پێش ئەوە زیندانیت درێژە بکێشێت و خۆت ناشرین بکەیت ، هیچ شتێك هێندەی ئەو زمانە شایەنی زیندانی کردنی زۆر نیە ، کە لە ڕاستی لادەدات و پەلە دەکات بۆ وەڵامدانەوە .

٥٠-خۆتان لە مدح سەناو پیاهەڵدان و وەسفکردنی لە ڕادەبەردەر بپارێزن ، چونکە دڵ بۆ گەن دەکات .

٥١-پێشبینی هەموو شتێك بکە ، لە لایەن هەر کەسێکەوە بەرانبەرت بکرێت ، هەر کەسێك پۆزشی بۆ هێنایتەوە لێی وەربگرە ، هەر کەس خراپەی بەرانبەر کردین بیبەخشە .

٥٢-خۆت لە قسەی خراپ و درۆ کردن بپارێزە ، چونکە ئەم دووانە خاوەنەکەیان ڕیسواو سەر شۆر دەکات .

٥٣-خۆت لە هەموو ئەو کارانە بپارێزە ، ئەگەر پرسیار لە خاوەنەکەی بکەیت شەرم بکات و نکۆڵی لێ بکات .

٥٤-خۆت لە هەموو ئەو کارو کردەوانە و قسانە بپارێزە ، کە بۆت دەبنە هۆی خراپ بوونی دین و قیامەت یان دواڕۆژ .

٥٥-خۆت لە هاوڕێیەتی کەسی خراپ بپارێزە ، چونکە هاوڕێ خراپەکەت لە ناوت دەبات و هاوڕێیەتی نابوود ناشرین دەکات .

٥٦-خۆت لە هەموو هاوڕێیەتی خراپەکاری ئەو کەسانە بپارێزە ، کە بە ئاشکرا گوناهو تاوان و سەر پێچی دەکەن .

٥٧-خۆت لە هەموو ئەو کارانە بپارێزە ، کە بەنێهنی دەکرێن و شەرم دەکەیت بە ئاشکرا بیانکەیت .

٥٨-خۆت لە گاڵتەو گەپ و ڕابواردن و زۆر پێکەنین بپارێزە .

٥٩-خۆت لە کەسانی دوو ڕوو بپارێزە ، چونکە ئەوانە گومراو خراپەکارن و کەسانی تریش بە هەڵەدا دەبەن ، دڵیان پڕ لە نەخۆشی بۆگەنی ، دەرەوەشیان ڕازاوەیە .

٦٠-خۆت لە چاوچنۆکی بپارێزە ، چونکە دبنە جێگەی گلەیی گازاندە .

٦١-خۆت لە زیادەڕەویی بپارێزە ، شوورەیی و کەم و کوورییە.

٦٢-خۆت لە چلێسی بپارێزە ، چونکە رەفتارێکی ناشرینە .

٦٣-خۆت لە بە فیڕۆدانی کات و تەمەن لە شتگەلێکدا کە نامێننەوە بپارێزە ، چونکە کات و تەمەت چوو ناگەرێتەوە .

٦٤-خۆت لە پەلەپەلە کردن بپارێزە ، چونکە پەشیمانیی لە دوایە .

٦٥-خوت لە تووڕەیی بپارێزە ، چونکە ئاگرێکی سووتێنەرە .

٦٦-خۆت لە بێئاگایی غافل بوون بپارێزە ، چونکە هۆکاری خراپ بوونی هەستە .

٦٧-خۆت لە زمان بپارێزە ، چونکە تیرێکە هەڵە دەکات .

٦٨-چاکە کردن ، سەر چاوەی گەورەییە .

٦٩-چاکە کردن ، لە گەڵ خراپەکاردا ، باشترین گەورەییە .

٧٠-چاکە کردن گەنجینەیە ، بەخشندە دەیدۆزێتەوە .

٧١-چاکە کردن ، بەندایەتی بەرهەم دەهێنێت .

٧٢-جوانترین کردەوە ئەوەیە لەگەل ڕاستیدا گونجاو بێت و ، باشترین قسەش ئەوەیە لەگەل ڕاستیدا هاوتا بێت .

٧٣-جوانترین لێبووردن ئەوەیە لە کاتی بەهێز و دەسەڵاتدا بێت .

٧٤-جوانترین شەرم کردن ، شەرم کردن لە خۆت .

٧٥-جوانترین شکۆمەندی نەرم و نیانییە لە ڕەوشت و ڕەفتاردا .

٧٦-جوانترین ڕاستگۆیی ، پابەندبوونە بە وعد وپەیمانەوە .

٧٧-جوانترین دادپەروەری ، سەرخستنی ستەم لێکراوە .

٧٨-جوانترین ووتە ڕاستگۆییە .

٧٩-جوانترین بەخشندەیی ، خۆنەویستییە .

٨٠-جوانترین ووتە و قسە ئەوەیە ، کە کردەوەی جوان پشتڕاستی بکاتەوە .

٨١-جوانترین جل بەرگی ئایینداری ، شەرم و شکۆیە .

٨٢-ئامادە باشترین خەڵك لە وەڵامدانەوە دا ..؟!، کەسێکە تووڕە نەبێت .

٨٣-سگ و داوێن بپارێزە ، نەهامەتییەکانی تۆ لە دووانەدایە .

٨٤-تەمەنت بە فیرۆمەدە ، لە شتێکدا کە بەندایەتی و خواپەرستی تێدا نەبێت .

٨٥-داناترین خەڵك کەسێکە ، لە نەزان و نەفامەکان ڕادەکات .

٨٦-مرۆڤی گەمژە ئەکەر قسەیەکی خراپی کرد، کردەوەیەکی خراپیش بە دوایدا دەکات .

٨٧-گەمژەترینی خەڵکی کەسێکە کە گومانی وایە عاقل ترین و هۆشمەند ترین کەسە .

٨٨-گەمژەترینی خەڵکی کەسێکە ڕێگری لە چاکە دەکا ، وە داوای سوپاس دەکات ، هەروەها کاری خراپە دەکات و چاوەڕێی پاداشتی باشە .

٨٩-هەموو دەردێك دەرمانی هەیە ، تەنها بەدڕەوشتی دەرمانی نیە .

٩٠-زمانت بپارێزە ، هەروەك چۆن ئاڵتوون پارەکانت دەپارێزیت .

٩١-خەسارەت مەندترین خەڵکی کەسێك ، کە توانایی ڕاستی هەیە بەڵام دەشارێتەوە نایلێت .

٩٢-شاردنەوە هەژاری و نەخۆشی ، مەردایەتی و ئازایەتییە .

٩٣-دڵسۆزی شکۆمەندترین کۆتاییە .

٩٤-دڵسۆزی  بەرزترین سەرکەوتنە .

٩٥-دڵسۆزی بەرزترین باوەڕە .

٩٦-دڵسۆزی باشترین کردەوەیە .

٩٧-دڵسۆزی کردار ، لە هێزی باوەڕ و نیاز باشییەوەیە .

٩٨-دڵسۆزی مەبەستی ئایینە .

٩٩-دڵسۆزی بنەمای بەندایەتییە .

١٠٠-برای موسلمانی ڕاستگۆ باشترین دەستکەوتە .

١٠١-رەوەشت ئاوێنەی هۆشمەندییە .

١٠٢-مەتمانە بە هاوریێ مەکە ، پێش ئەوە تاقی بکەیتەوە .

١٠٣-خراپترین دەرد ، خۆ بە زلزانینە .

١٠٤-ئەگەر (خوای گەورە ) کەسێکی خۆش ویست ، ئەوا ڕاستگۆی تیدا دەڕوێنێ .

١٠٥- ئەگەر (خوای گەورە ) کەسێکی خۆش ویست ،دڵێکی ساغ و ڕەوشتی بەرزی پێ دەبەخشێت .

١٠٦- ئەگەر (خوای گەورە ) کەسێکی خۆش ویست ، بە ئارامی و لەسەر خۆیی دایڕازێنێتەوە .

١٠٧- ئەگەر (خوای گەورە ) کەسێکی خۆش ویست ،وای لێ دەکات پەند لە رووداوەکان وەربگرێت .

١٠٨- ئەگەر (خوای گەورە ) کەسێکی خۆش ویست ،زانستی پی دەبەخشێت .

١٠٩- ئەگەر (خوای گەورە ) ویستی چاك لە گەل بەندەکەی بکات ، فێری قەناعەتی دەکات و هاوسەرەکەی بۆ چاك دەکات .

١١٠- ئەگەر (خوای گەورە ) ویستی چاکە لە گەل بەندەکەی بکات، فێری دین ڕاستییەکانی دەکات .

١١١- ئەگەر (خوای گەورە ) ویستی چاکە لەگەل بەندەکەی بکات ، عەقلی هۆشی بەهێز دەکات و کردەوەی چاکەی پێ دەبەخشێت.

١١٢-ئەگەر (خوای گەورە ) بەندەیەك هەڵبژێریت ، ترسی خۆی دەخاتە دڵ یەوە .

١١٣-ئەگەر داوای گەورەییت کرد ، ئەوا گوێڕایەڵی (خوای گەورە ) بە .

١١٤- ئەگەر داوای دەوڵەمەندیت کرد ، ئەوا بە قەناعەت بە .

١١٥-ئەگەر بەڵێنت دا یان پەیمان بیبەرە سەر .

١١٦-ئەگەر ویستت کارێك ئەنجام بدەی ڕاوێژ بکە .

١١٧-ئەگەر تۆڵەت کردەوە ، بە سۆز و بەزەیی بە .

١١٨-کاتێك ئارەزووەکانی دونیا بەسەر دا زاڵ دەبێت ، ئەوا هۆکاری لە ناو چوونتە .

١١٩-کاتێك چاکەیەکت کرد منەت بەکە .

١٢٠-کاتێك هەلدەستیت بۆ نوێژ کردن ، بابە جۆرێ ئەنجامی بدەی وابزانی دوا نوێژە .

١٢١-کاتێك وەسفی کەسێك دەکەیت زیادەرەوی تێدا مەکە .

١٢٢-کاتێك نیعمەتێکت بۆهات لە بەرانبەریدا شوکرانە بژێر بە .

١٢٣-ئەگەر بڕیارەکانت لە خۆتدا جێ بەجێ کردن ، ئەوا خەلکیش لە دادپەروەرت دەزانن .

١٢٤-براوەترین خەلکی ئەو کەسانەن کە بە دونیا قیامەت دەکرن .

١٢٥-چوارشت هەیە لە هەر کەسێك دابێ خۆشی دونیا و قیامەتی بەدەست هێناوە : ڕاستگۆیی ، ئەمانەت پارێزی ، سگ پارێزی ، رەوشت بەرزی یان رەفتارجوانی .

١٢٦-بەو بەشە رازی بە کە پێت بەخشراوە ، ئیمان دامەزراویت .

١٢٧-باشترین کارو کاسبی ، کارو کاسبی حەلاڵە .

١٢٨-دونیا نەویست بە ، رەحمەتت بەسەردا دەبارێت .

١٢٩-جوانترین رەوشت هێمنی و داوێن پاکییە .

١٣٠-دوای رێنموونی ئەقڵ بکەوە و پێچەوانەی ئارەزووەکان بجوولێرەوە ، سەرفراز دەبیت .

١٣١-ڕاوێژ بە دومنی ژیر بکە ، خۆت لە ڕاوبۆچوونی هاورێی نەزان و نەفام بپارێزە .

١٣٢-خۆپاراستن لە بیانۆهێنانەوە ،لە ڕاستی باشترە .

١٣٣-زۆر داوای لێخۆشبوون یان (أستغفر الله ) بکە ڕزق ڕۆزی بەدەست دێت .

١٣٤-زیادەڕۆیی لە هەموو شتێکدا خراپە ، تەنها لە کاری چاکە کردن نەبێت .

١٣٥-تێ بکۆشە ، بەڵام مەبە بە گەوهەرو گەنجینەی کەسانی تر .

١٣٦-ئیسلام ڕووناکترین ڕێبازە .

١٣٧-گوێ بگرە فێر دەبیت، بێدەنگ بە پارێزراو دەبیت .

١٣٨-خراپترین نەخۆشی نەفامی و نەزانیە .

١٣٩-خراپترین ئەنجام ، ئەنجامی ستەمە .

١٤٠-خراپترین شت ، چاو چنۆکیە .

١٤١-خراپترین ڕاستگۆیی ، قسە هێنان و بردن یان قسە گێرانەوەیە .

١٤٢-خراپترین شت ، پەردە لادانە لەسەر نەهێنیەکان .

١٤٣-خراپترین کەس ئەو کەسەیە ، کە بە کردەوەی خراپ خۆی دەڕازێنێتەوە .

١٤٤-سەرقالبوون بە کەم و کوریەکانی خۆتەوە ، لە ئابرووچوون دەتپارێزێت .

١٤٥-دوو ڕووترین کەس ئەو کەسانەن کە فەرمان بەچاکە دەکەن خۆیان نایکەن ، ڕێگری لە خراپە دەکەن خۆیان ئەنجامی دەدەن.

١٤٦-مردن باشترە لەوەی کە پەنا بۆ نامەرد ببەیت .

١٤٧-باشترین مەردایەتی ئەوەیە ، کە تووڕە نەبیت و بەسەر ئارەزووە کانت زاڵ بیت .

١٤٨-ئارام بگرە براوەیت .

١٤٩-ڕاستگۆبە ، سەرکەوتوو دەبیت .

١٥٠-پێداگری لەسەر خراپە ، سیفەتی لە ناوچووانە .

١٥١-پێداگری لەسەر خراپە ، سیفەتی خراپەکارانە .

١٥٢-پێداگری لەسەر خراپە ، خراپە ڕادەکێشێت .

١٥٣-قورسترین داواکاری ئەوەیە کە لە کەسێکی نەشیاو بکەیت .

١٥٤-سەرسام بوون بەخۆتەوە ، نەفامی و بیٚ عەقلییە .

١٥٥-خێراترین شت بۆ لە ناوچوون ، ستەمکردنە .

١٥٦-دادپەروەر بە بەردەوام بە توانااو بە دەسەلات دەبیت .

١٥٧-دادپەروەرترینی خەلکی ئەوەیە ،بەو جۆرە هەلّسوکەوت لەگەلّ خەلکیدا بکەیت ،کە حەز دەکەیت هەلّسوکەوتت لەگەلّدا بکەن .

١٥٨-دادپەروەر بە لەو شتانەدا کە هەتە ، سوپاسی (خوای گەورە ) بکە لەسەر ئەو شتانەی کە نیتە .

١٥٩-گەورەترین گەمژەیی ، ئەو کەسانەن ، خۆیان هەلدەکێشن لە کاتی هەژاری نەداریدا .

١٦٠-گەورەترین نەزانی ئەوەیە کە مرۆڤ ئەرکی خۆی لە بیر بکات .

١٦١-گەورەترین هەلّە خۆشەویستی دونیاو ئارەزووەکانیەتی .

١٦٢-گەورەترین شکۆمەندی ، خۆبەکەمزانییە .

١٦٣-بەختەوەرترین کەس ئەو کەسانەن ، کە زۆر بە قەناعەتن .

١٦٤-زاناو داناترین کەس ئەو کەسانەن ، کە زۆر لە (خوای گەورە) دەترسن .

١٦٥-بەرزترین عیبادەت ، دلّسۆزییە لە کردەوەکاندا .

١٦٦-کردەوەکان بەرهەمی نیەتەکانن .

١٦٧-کار بەزانست و زانیاری بکەن بەرز دەبنەوە .

١٦٨-یارمەتیدەر بە یارمەتیدراو دەبیت .

١٦٩-باشترین شت بۆ پاککردنەوەی ، عەقل فێر بوونە .

١٧٠-باشترین کار ئەوەیە ، کە بە دلّسۆزانە ئەنجام بدریٚ .

١٧١-باشترین سەرمایە عەقلە .

١٧٢-باشترین سەرمایە متمانەی هاورێکانە.

١٧٣-باشترین عەقل ، ڕەوشتە .

١٧٤-باشتریە عەقل ، خۆپارێزیە لە گاڵتە وگەپ .

١٧٥-باشترین دڵ ئەوەیە ، کە بە تێگەیشتن دەورە درابێت .

١٧٦-باشترین کار ئەوەیە ، کە تەنها لەبەر ڕەزامەندی (خوای گەورە ) بکرێت .

١٧٧-باشترین خۆپارێزی ، گومانی باش بردنە .

١٧٨-ناشرینترین سیفەت ، ستەمکردنە .

١٧٩-ناشرینترینی ڕەفتارەکان درۆکردن و خۆبەزلزانینە .

١٨٠-ناشرینترین چاوچنۆکی ڕێگری کردنە لە سەروەت و سامان بۆ کەسە شایستەکان .

١٨١-ناشرینترین ناپاکی ، بڵاوکردنەوەی نهێنیەکانە .

١٨٢-زانست فێربە چونکە ئەگەر دەولەمەند بیت جوانت دەکات و ، ئەگەر هەژاریش بیت دەتپارێزی .

١٨٣-کورترین شت ستەمکردنی سەرکردەکانە .

١٨٤-زیادەرەوی مەکە لە قسە کردن ، چونکە لە لۆمەکردن پارێزراو دەبیت .

١٨٥- لە دونیادا بەکەم رازی بە ، بۆ ئەوەی ئایینەکەت پارێزراو بێت .

١٨٦-بەهێز ترین کەس ئەوەیە ، کە دەسەڵاتی بەسەر نەفسی خۆیدا هەیە .

١٨٧-بەهێزترین کەس ئەوانەن ، کە پشت بە (خوای گەورە ) دەبەستن .

١٨٨-بەهێزترین کەس ئەوەیە ،کە بەسەر ئارەزووەکانیدا زاڵ دەبێت .

١٨٩-گەورەترین بەڵا نەفس نزمییە .

١٩٠-گەورەترین کەم و کووری ئەوەیە ، کەسێك بە شتێك عەیبدار بکەیت کە لە خۆتدا هەبێت .

١٩١-گەورەترین زیان ئەوەیە ، گرنگی بە شتێك بدەیت پەیوەندی بە تۆوە نەبێت .

١٩٢-زانست بەدەست بێنە , ژیان بەدەست دەهێنی .

١٩٣-بەخشندە بە ، بەهەیبەت و مەزن دەبیت .

١٩٤-باشترین ڕێباز ، ڕەوشت جوانیە .

١٩٥-قێزەونترینی ڕەوشت ، ڕق و قینەیە .

١٩٦-قێزەونترینی ستەم ، لە کاتی دەسەڵاتدایە .

١٩٧-قێزەونترینی خەڵکی ، غەیبەتکارەکانن .

١٩٨-بێدەنگ بە ، بیرۆکەکانت گەشاوە دەبن .

١٩٩-خۆت لەسەر بێدەنگی رابێنە ، بەلایەنی کەمەوە سەلامەت و پارێزراو دەبیت .

٢٠٠-لووتکەی بەختەوەری ، دڵسۆزییە لە کارکردندا .

٢٠١-ئەمانەت پارێزی ، پالنەرە بەرەو ڕاستگۆیی .

٢٠٢-ئەمانەت ، گەورەییە بۆ ئەو کەسەی جیّ بەجێی دەکات .

٢٠٣-ئەمانەت ، سەرکەوتنە بۆ ئەو کەسەی پارێزگاری لیّ دەکات .

٢٠٤-خاوەنی نەفسی خۆتان بن ، بەوەی بەردەوام هەوڵی لەگەڵدا بدەن .

٢٠٥-باشترین قەڵای دینداری ، لە خوا ترسانە .

٢٠٦-رازاوەترین رەفتارە ، خۆپارێزییە لە داوێن پاکیی .

٢٠٧-نیعمەتی کەمی (خوای گەورە ) باشترە لە شتی زۆری خەلکی .

٢٠٨-باسکردن لە پاشەملە ، خراپترین درۆیە .

٢٠٩-قەناعەت ، واتا دەولەمەندی .

٢١٠-هەموو شتێك پەندو ئامۆژگاری تێدایە بۆ ژیرو خاوەن عەقلە کان .

٢١١-ئەگەر خۆبەزلزان بیت ، ئەوا (خوای گەورە ) بچووکت دەکاتەوە .

٢١٢-ئەگەر خۆبەکەمزان بیت ، ئەوا (خوای گەورە ) بەرزت دەکاتەوە .

٢١٣-ئەگەر خۆت لە خراپەکاری دوور کەیەوە ، ئەوا پلەی بەرز  بەدەست دەهێنی .

٢١٤-تۆ بۆ دوا رۆژ درەستکراوی ، کەوایە هەوڵ و تێکۆشانی بۆ بدە بەدەستی دەهێنی .

٢١٥-بەردەوام لە پشتەوە داواکاریەکی سەر سەخت هەیە ، کە مردنە لێ غافل و بێئاگامەبە .

٢١٦-ئەگەر بە قەزاو قەدەری (خوای گەورە ) رازی بووی ژیانت خۆش دەبێت و ڕزق ڕۆزیت زۆر دەبێت .

٢١٧-نەرمونیانی واتە: سەرکوتکردنی تووڕەیی و زاڵبوون بەسەر نەفسی خۆدا .

٢١٨-دونیا تەڵەیە هەر کەس بکەوێتە داوی ئەوا پێوە دەبێت و خەسارەت مەند دەبێت .

٢١٩-شکۆمەندی هی کەسێکە لە هەژاری و نەداریدا دەبەخشێت و لە هەڵەی بەرانبەر خۆش دەبێت .

٢٢٠-ئەهلی قورئان ئەهلی نوخبەکانی (خوای گەورە) ن .

٢٢١-سەرەتایی دانایی وازهێنانە لە ئارەزووەکان و کۆتاییەکەشی ڕق لێبوونەوەیە لە شتە کاتییەکان .

٢٢٢-وریا بە تاوانی خەڵکی بە گەورە نەزانیت و ، تاوانی خۆت بە بچووك بزانی ، عیبادەتی خۆت بەگەورە نەزانیت و عیبادەتی خەڵکی بە بچووك بزانیت .

٢٢٣-ئاگاداری ستەم بە ، چونکە ستەمکاری بۆنی بەهەشت ناکات .

٢٢٤-وریا بە کاتێك چاکەیەکت کرد منەت مەکە ، چونکە منەت کردن چاکەکان دەسرێتەوە .

٢٢٥-زۆر رەوە یان زۆبلێ مەبە ، چونکە هەر کەس قسە زۆر بکات تاوانیشی زۆرە .

٢٢٦-خۆت لە قسەی نەشیاو و ناشرین بپارێزە ، چونکە دڵەکان ڕق دەکات .

٢٢٧-خۆت لە هاوەرێ خراپە بپارێزە ، هەر کەس بە کردەوەی قەومێك ڕازی بێت ئەوە لەوانە .

٢٢٨-خراپترین ئامادەکاری سەپاندنی ڕای خۆتە .

٢٢٩-خراپترین ڕەوشت ئیرەیی و حەسوودییە .

٢٣٠-خراپترین سیفەت قسە هێنان و بردنە .

٢٣١-خراپترین هاورێ بەرپرسە گەندەڵەکانن .

٢٣٢-خراپترین و کوشندەترین خواردن ، خواردنیماڵی حەرامە کە حەقی تۆ نیە .

٢٣٣-خراپترین سیفەت و نەریت خۆڵقوتانە ناو کاروی باری خەڵکیەوە کە پەیوەندی بە تۆوە نیە .

٢٣٤-خراپترین کارو کاسبی مامەڵەکردنی حەرامە .

٢٣٥-خراپترین ووتە ، ووتەی درۆیە .

٢٣٦-خراپترین بنەما بێ ڕەوشتییە .

٢٣٧-خراپترین ڕووخسار بێ شەرمییە .

٢٣٨-خراپترین ملوانکە ، ملوانکەی قەرزە .

٢٣٩-بە تەماع مرۆڤ سووك ڕیسوا دەبێت .

١٤٠-بەگریان لە ترسی (خوای گەورە ) گوناهەکان پاك دەبنەوە .

٢٤١ب- بەتەوبە کردن تاوانەکان دەسڕێنەوە .

٢٤٢-بەهۆی دوعاو نزاوە دەردو بەڵا نامێنێ .

٢٤٣-بەهۆی داناییەوە پۆشاکی زانست دەردەکەوێت .

٢٤٤-بە بێدەنگی شکۆمەندنی زیاتر بە دەست دەهێنی .

٢٤٥-بە ستەمکردن نیعمەتەکان لە ناو دەچن .

٢٤٦-بە لادان لە حەق گومرایی ستەم کردن دێتە ئاراوە .

٢٤٧-بە هۆی لێبووردەییەوە ڕەحمەت دەبارێت .

٢٤٨-بە هۆی زانستەوە ژیان بەرپا دەبێت .

٢٤٩-وریا بە بەهەشت بە زەحمەت و نارەحەتی دونیا بە دەست دێت .

٢٥٠-غافل بوون و بێئاگایی بە ئامۆژگاری کردن دەڕوێتەوە .

## چەند ووتەیەکی (حەسەنی بەصری ) رەحمەتی خوای لیٚ بیٚت

(حەسەنی بەصری ) – رەحمەتی خوای لیٚ بیٚت –دەلیٚت :

نەکەن مەجلیس و کۆڕ ببەستن لە گەڵ کەسانی ئارەزووبازان ، چونکە بە ڕاستی مەجلیس و کۆڕ بەستن و دانیشتن لە گەڵیاندا دڵەکان دەردە دار دەکات ..!!

(حەسەنی بەصری ) – رەحمەتی خوای لیٚ بیٚت –دەلیٚت:

سیٚ شت لە غەیبەتکردندا ریٚزیان لیٚ ناگیریٚت ، واتە : لە پاشملە باسکردنیان ئاساییە و ناڕەوا نییە :

-لادەریٚك لە ئایین (فاسق ) لادانەکەی ئاشکرا بکات و ڕایگەیەنیٚت .

-فەرمانڕەوایەکی ستەمکار .

-خاوەن داهیٚنەریٚك واتە (بدعە کاریٚك) کە داهیٚنانەکەی ئاشکرابیٚت .

(حەسەنی بەصری ) – رەحمەتی خوای لیٚ بیٚت –دەلیٚت:

لەگەڵ ئارەزووبازان و ئەهلی هەواو گاڵتە جاڕ دامەنیشن و دەمەقاڵەیان لەگەڵ مەکەن و ، گویٚشیان لیٚ مەگرن ، چونکە بە ڕاستی دانیشتن لەگەڵ ئەو کەسانە و دەمەقاڵە کردن و گویٚ گرتن لیٚیان بە فیرۆدانی کاتە ..!!

(حەسەنی بەصری ) — رەحمەتی خوای لیٚ بیٚت —دەلیٚت:

حەقیقەتی ڕەوشت جوانی ئەمانەن :

-ئەنجامدانی کارە چاك و جوانەکان .

-خۆگرتنەوە لە ئەزیەت و ئازاردان .

-ڕووکراوەیی و ڕوو خۆشی .

(حەسەنی بەصری ) — رەحمەتی خوای لیٚ بیٚت —دەلیٚت:

نیشانەی خۆشەویستی دونیا لای هەر کەسیٚك دەرچوونی ترس و بیمی دوا رۆژە لە دلّ و دەروونی دا ..!!

(حەسەنی بەصری ) — رەحمەتی خوای لیٚ بیٚت —دەلیٚت:

-ئیمان دامەزراو نەبیٚت بەهەشت داواناکریٚت ..!!

-ئیمان دامەزراو نەبیٚت ڕاکردن لە دۆزەخ نییە ..!!

-ئیمان دامەزراو نەبیٚت خۆ ڕاگری لەسەرحەق و دادپەروەری نابیٚت ..!!

(حەسەنی بەصری ) — رەحمەتی خوای لیٚ بیٚت —دەلیٚت:

نیشانەی خۆشەویستی دونیا لای هەر کەسیٚك ، ئەوەیە کە هەموو غەمی تیٚر کردنی سگ و داویٚنیەتی ، بیرکردنەوە و پەی بردنی بە کاروبار و تیٚگەیشتنی کەمە ..!! لە رۆژدا بەردەوام دەلیٚت : تۆ بلیٚی شەو دابیٚت تا تیٚر بخەوم ..!!

لە شەودا دەلیٚت : تۆ بلیٚی رۆژ ببیٚتەوە لە شەو رزگارم ببیٚت تا ڕاببویٚرم و گالّتە جاری بکەم و لەگەلّ خەلکی دابنیشم بۆ گالّتە گەپ کردن و دەربارەی کاروبار و ئەحوالّیان پرسیاریان لیٚ بکەم ..!!

پرسیار لە (حەسەن بەصری ) — ڕەحمەتی خوای لێ بێت - کراوە کام جیهاد کردن گەورەتر ..؟!

ئەویش فەرمووی : بە ڕاستی جیهاد کردنی ناخ و ئارەزووت ..!!

(حەسەنی بەصری ) — ڕەحمەتی خوای لیَ بێت —دەڵێت:

تەماع کردن هۆکاری خراپەکاری و خراپکردنی (دین)ە ، وە خۆپارێزیش هۆکاری چاکە کاری و چاکەکردنی (ین)ە ..!!

(حەسەنی بەصری ) — ڕەحمەتی خوای لیَ بێت —دەڵێت:

-سەرم سورماوە لەو کەسەی کە ئیمانی بە قەدەر هێناوە کەچی دەڵتەن و غەمگین دەبێت ..!!

-سەرم سورماوە لەو کەسەی کە ئیمانی بە مەرگ هەیە کەچی دڵخۆش دەبێت ..!!

-سەرم سورماوە لەو کەسەی دونیا و گێچەڵی دونیا بە دانیشتوانی باش دەزانێت کەچی پاڵی پێوە دەدات و لیێی دڵنیایە ..!!

(حەسەنی بەصری ) — ڕەحمەتی خوای لیَ بێت —دەڵێت:

بە ڕاستی ئیماندار کە دەی بینیت هەر خەریکی لۆمەی نەفسیەتی :

دەڵێت : مەبەستم لەم ووشە و ووتەیەم چی یە و، چیم دەوێت ..؟!

دەڵێت : مەبەستم لەم خواردن و پاروەم چی یە و، چیم دەوێت پێی ..؟!

دەڵێت : مەبەستم لە گفتوگۆی ناخی خۆم چی یە و، چیم  دەوێت لیێی ..؟!

هەر دەبینیت لۆمەی نەفسی خۆی دەکات ..!!

بەڵام خراپەکار و فاجر :  ئەو  هەر هەنگاو هەڵدەگرێت و کار گەلێك ئەنجام دەدات بە بیَ ئەوەی لۆمە و حوحاسبەی  نەفسی خۆی بکات ، تا دەکەوێتە قورتێکەوە یان چاڵێکەوە ، ئینجا لەو کاتەدا دەڵێت : ئەی هاوار بۆ خۆم ..!! ئەی هاوار بۆ خۆم و قوڕ بەسەر خۆم ..!!

(حەسەنی بەصری ) — ڕەحمەتی خوای لیٚ بیٚت —دەلیٚت:

ئومیٚد و ترس  دوو کەشتی ئیماندارن ، یانی ئیماندار دەبیٚت بەردەوام لە نیٚوان ئومیٚد و ترسدا هەولٚبدات و عیبادەتەکانی ئەنجام بدات ..!!

(حەسەنی بەصری ) — ڕەحمەتی خوای لیٚ بیٚت —دەلیٚت:

هەر بەندەیەك لە بەندەکانی خودا  بەردەوام یادی مردن لە دلٚیدا بیٚت ، ئەوا دونیا لە لای لەبەر چاویدا بچووك و کەم بایەخ دەبیٚت .

(حەسەنی بەصری ) — ڕەحمەتی خوای لیٚ بیٚت —دەلیٚت:

مردن دونیایی ریسوا کردووە ، ئیتر هیچ شتیٚکی لە ژیری بۆ خاوەن ژیری بەجیٚ نەهیٚشتووە تا دلٚی پیٚ خۆش بکات..!!

(حەسەنی بەصری ) — ڕەحمەتی خوای لیٚ بیٚت —دەلیٚت:

لە ڕۆژی لیٚپرسینەوەدا ئەو خەلٚکانە حیساب کردنیان لە گەل ئاسانە ، ئەوانەن لە دونیا موحاسبەی نەفسی خۆیان کردووە ..!!

(حەسەنی بەصری ) — ڕەحمەتی خوای لیٚ بیٚت —دەلیٚت:

هەر کەسیٚك لە (خوای گەورە) بترسیٚت ، (خوای گەورە ) وای لیٚدەکات  هەموو شتیٚك لیٚی بترسیٚت ..!!

هەر کەسیٚکیش لە خەلٚکی بترسیٚت ، (خوای گەورە ) وای لیٚدەکات لە هەموو شتیٚك بترسیٚت ..!!

(حەسەنی بەصری ) — ڕەحمەتی خوای لیٚ بیٚت —دەلیٚت:

بەردەوام بەریٚزی  لەلای خەلٚکی ، مادام چاوت لە دەستیان نەبیٚت و هیچیان لە دەست وەرنەگەریت ، بەلاٚم ئەگەر ئەوەت کرد دلٚنیابە سووکایەتیت پیٚ دەکەن و دەتبوغزیٚنن ..!!

# چەند ووتەیەکی شیخ ئیسلام (ابن تیمیه) رەحمەتی خوا لیٚ بێت

یەکەم : ووتەکانی دەربارەی باوەر هێنان و یەکتاپەرستی :

(ابن تیمیه ) — رەحمەتی خوا لیٚ بێت - دەلێت :

باوەرهێنان بە (خوای گەورە ) وپێغەمبەرەکەی بنەماو لوتکەی بەختەوەرییە..!!

(ابن تیمیه ) — رەحمەتی خوا لیٚ بێت - دەلێت :

هەر شتێك بە پشتیوانی (خوای گەورە ) نەبیٚ نایەتەدیٚ یان نابێت ، هەرچیش بۆ (خوای گەورە ) نەبێت نە سوودی هەیە و نە بەردەوامیش دەبێت ..!!

(ابن تیمیه ) — رەحمەتی خوا لیٚ بێت - دەلێت :

هاوار کردن و پەنابردنی بەدیٚهێنراو بۆ بە دیٚهێنراوێکی تر وەك ئەوە وایە نوقمبوویەك هاوار لە نوقمبوویەکی تربکات و پەنای پێ‌ببات ..!!

(ابن تیمیه ) — رەحمەتی خوا لیٚ بێت - دەلێت :

ڕاستێتی کرۆکی ئایینی ئیسلام ئەوەیە مرۆڤ تەسلیمی (خوای گەورە ) ببێت و تەسلیمی کەسێکی تر نەبێت ، ئەمەش واتای ( لا إله إلا الله ) یە ..!!

(ابن تیمیه ) — رەحمەتی خوا لیٚ بێت - دەلێت :

بەرهەمی داوای یارمەتی کردن لە (خوای گەروە ) پشت پێبەستنی و خۆدانە پەنای و پارانەوە لیٚ ئەوەیە کە : بەندە بەهێز دەکات و کارەکان لەسەری ئاسان دەکات .. لەبەرئەوە یەکێك لە پێشینان دەلیٚ : هەر کەس حەزدەکات ببێتە بە هێزترینی خەڵکی با پشت بە (خوای گەورە ) ببەستێت ..!!

(ابن تیمیه ) — رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت - دەلیٚت :

دەبیٚت باوەری راستەقینە خۆشەویستی بۆ (خوای گەورە ) و پیٚغەمبەرەکەی تیٚدا بیٚت ، وە رقی لە هەر کەسیٚك بیٚت کە دژایەتی (خوای گەورە ) و پیٚغەمبەرەکەی ﷺ دەکات ..!!

(ابن تیمیه ) — رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت - دەلیٚت :

گومانی تیٚدا نیە هەر کەسیٚك خۆی بە گەورە و زلٚ بگریٚ لە پەرستنی (خوای گەورە )دا ، ئەوا دلٚنیایەوە نە دەیپەرستیٚ و نە تەسلیمیشی بووە .. هەر کەسیٚکیش کە (خوای گەورە ) بپەرستیٚ و کە سیٚکی تریش بپەرستیٚ .. ئەوا هاوەلی بۆ خوا داناوە و بە ساغی و دروستی خوای نەپەرستووە .. بەلٚکو هاوە بۆ داناوە .. ووشەی ئیسلامیش واتە : تەسلیمبوون و پەرستنی خوا بە ساغی و دروستی کە ئەویش : بوونی ئیخلاص و دلٚسۆزی بە تەواوەتی ..!!

(ابن تیمیه ) — رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت - دەلیٚت :

چیٚژ و خۆشیی و دلٚخۆشیی و بە سەر بردنی کات بە خۆشی و لە ناو نیعمە تەکانی (خوای گەورە ) دا کە ناتواندریٚت گۆزارشتی لیٚ بکریٚت ، ئەمەش بریتیە لە ناسینی (خوای گەورە ) و یەکتاپەرستنی و باوەرهیٚنان پیٚی ..!!

(ابن تیمیه ) — رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت - دەلیٚت :

چاکترینی چاکەکان بریتیە لە ئەنجامدانی ئەو کارانە کە لە لایەن (خوای گەورە ) فەرمانیان پیٚکراوە ، ئەو چاکەیە بۆ خەلٚکی بیٚت یان بۆ ئەو کەسە خۆی بیٚت .. گەورەترین و چاکترینی چاکە کانیش ئەوە کە باوەر و یەکتاپەرستی و گەرانەوەیە بۆ لای (خوای گەورە ) چوون بە پیرییەوە و پشت پیٚبەستنیەتی .. وە وەهاش (خوای گەورە ) بناسیٚ هەروەك بە چاوی سەری بە جوانی و بە سام و بەشەرم و بە خۆشەویستی و بە ملکەچییەوە بیبینیٚ کە ئەوەش پلەی : چاکترینی چاکەکانە ..

دووەم: ووتەكانی دەربارەی گەرانەوە پەشیمان بوونەوە تەوبەكردن :

(ابن تیمیه ) — رەحمەتی خوا لیَ بیَت - دەلیَت :

هەر كاتیَك مرۆڤ بیەویَت بگەریَتەوە بۆ لای (خوای گەورە ) تەوبە بكات و نزیك بكەویَتەوە لە پەروەردگاری و پەیوەندی لە گەلیدا بە هیَزتر بكات .. ئەوا شەیتان زۆرتر دەچیَت بە گژیدا ..!!

(ابن تیمیه ) — رەحمەتی خوا لیَ بیَت - دەلیَت :

مرۆڤ بە هەمیشەیی لە نیَوان دوو شتدایە .. نیعمەتیَك بۆی لە پەروەردگارییەوە .. كە تیایدا پیَویستی بە شكرو سوپایكردن هەیە.. وە تاوانیَك لە شەیتانەوە .. كە تیایدا پیَویستی بە داوای لیَخۆشبوون هەیە .. هەردووكارەكەش بەردەوام بۆ بەندە لە كارە پیَویستەكانن .. چونكە مرۆڤ بەردەوام لە ناو نیعمەتەكان و دەستكردەكانی (خوای گەورە ) دایە ، بەردەوام پیَویستی بە تەبەكردن و پەشیمان بوونەوە و لیَخۆشبوون لیَ كردن هەیە ..!!

(ابن تیمیه ) — رەحمەتی خوا لیَ بیَت - دەلیَت :

أستغفر الله بەندە رزگار دەكات لە .. كردەوەی خراپ و دەیبات بەرەو كردەوەی چاك و باش و خوازراو .. لە كاری ناریَك و كەموكورتەوە دەیبات بۆ كاری دروست و تەواو .. هاوكات بەندە لە پلەی نزمەوە یان خوارەوە بەرزدەكاتەوە بۆ پلەی بلَندو بالاَترین و كاملَترینی پەلەكان ..!!

(ابن تیمیه ) — رەحمەتی خوا لیَ بیَت - دەلیَت :

ئەو سزایانەی كە گوناهەكان بە دوای خۆیاندا دەیان هیَنن چەند شتیَك دەیان سریَتەوە : یەكەمیان : تە بەكردن .. دووەمیان: زۆر ووتنی (أستغفر الله )یە بەبیَ توبەكردن ، چونكە لەوانەیە (خوای گەورە ) بە پارانەوەی داوای لیَخۆشبوون لە گوناهەكان خۆش ببیَت با ئەوكەسە تەوبەشی نە نەكردبیَت ، جا ئەگەر تەوبەكردن و (أستغفر الله ) كۆبوونەوە بەیەكەوە ئەوا ئەو مانای تەواو یان كەمالَە .. سیَیەمیان : كردەوە چاكەكانە كە دەبنە مایەی سرِینەوەی گوناهەكان .. چوارەمیان : ئەو بەلاَو تاقیكردنەوانەی كە گوناهەكان دەسرِنەوە ، بەلاَو موسیبەت بریتیە لە هەر شتیَك كە ئازار گەیەنەرە خەم و خەفەتە یان زەرەرە لە مالَ و سامان یان ناموس یان جەستە یان هەر شتیَكی تریش ..!!

سێیەم : دەربارەی دڵسۆزی و نیەت پاکی :

(ابن تیمیە ) — رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت - دەلیٚت :

لە دونیادا جگە لە نیعمەتی باوەر بە (خوای گەورە ) هیچ نیعمەت و خۆشییەکی تر نییە کە لە نیعمەتی قیامەت بچیٚت .. جا هەر کەس دڵسۆز و نیەت پاك بیٚت لە کارە ئایینەکانداو لەبەر (خوای گەورە ) ئەنجامیابدات ، ئەوا یەکیٚکە لە دۆستان و خۆشەویست و وەلییە خواناسەکانی (خوای گەورە ) لە خەڵکانی بە هەشتە ..!!

(ابن تیمیە ) — رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت - دەلیٚت :

هەر کەسیٚ روو وەرگیٚریٚ لە شویٚنکەوتنی ئەو حەق و راستییەی کە دەیزانیٚ و شویٚت هەواو هەوەسی خۆی بکەویٚت ، ئەوا ئەوکارەی دەبیٚتە مایەی نەفامی و گومرایی تا دڵی کویٚر دەکات لە ئاست حەقی روون و راست دا ..!!

(ابن تیمیە ) — رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت - دەلیٚت :

(بوونی تەنها نیەتی پاك و باش لە بۆ ئەنجامدانی کاریٚك خاوەنەکەی پاداشتی لەسەر وەردەگریٚ .. بەڵام کردەوەی بە تەنها و بەبیٚ بوونی نیەت هیچ پاداشتیٚکی نیە ..!!

(ابن تیمیە ) — رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت - دەلیٚت :

دڵسۆزی بۆ خوا بە دونیا نەویستی و بە قەناعەتکردن بە کەمی حەڵاڵ نەبیچت دەستە بەر نابیٚت .. پاریٚزگاریش یە دونیا نەویستی نەبیٚت فەراهەم نابیٚت .. پاریٚزگاریش واتە : شویٚنکەوتنی فەرمانی چاکە و ریٚگریکردن لە قەدەغەکراوەکان ..!!

(ابن تیمیە ) — رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت - دەلیٚت :

بەختەوەری لە هەڵسوکەوتکردن لەگەل خەڵکیدا ئەوەیە مامەلەی باشیان لەگەل بکەیت .. ئومیٚد خوازبە بەو مامەڵە کردنەیان (خوای گەوە) لیٚت رازی بیٚت.. نەك ئومیٚد خوازی ئەوە بیت بەوان خوا لیٚت رازی بیٚت .. ترسی خوات لە دڵدا بیٚت بۆیان .. نەك ترسی ئەوان وات لیٚ بکات لە خوا بترسی .. چاکەیان لەگەل بکە .. بە ئومیٚدی دەستخستنی پاداشتی (خوای گەورە ) .. نەك شایانی بوونت و خۆ دەرخستن بە قەربووکردنەوەی ئەوان .. ستەمیان لیٚ مەکە .. ئەویش لە ترسی (خوای گەورە ) .. نەك لە ترسی ئەوان ..!!

چوارەم : دەربارەی چاك كردنی دڵەكان :

(ابن تیمیه ) — رەحمەتی خوا لیّ بیّت - دەلیّت :

دانایی و ئامۆژگاری بە سوود لە هۆكارەكانی چاك كردنی دڵ و چاكبوونەوەیەتی لە نە خۆشی ..!!

(ابن تیمیه ) — رەحمەتی خوا لیّ بیّت - دەلیّت :

زیكركردن بۆ دڵ وەك ئاو وایە بۆ ماسی ، ئایا دەبیّ ماسی حالی چۆن بیّت ئەگەر دووركەوتەوە لە ئاو ...

قال تعالى: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَطۡمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكۡرِ ٱللَّهِۗ أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ ٢٨﴾ [الرَّعۡد: ٢٨]

(ابن تیمیه ) — رەحمەتی خوا لیّ بیّت - دەلیّت :

دڵەكان سیّ ئامیّری بزویّنەریان هەیە كە بە هۆیانەوە دەیانگەیەنن بە (خوای گەورە ) ئەویش : (خۆشەویستی) ، (ترس ) ، (ئومیّدخوازی )، بە هیّزترینیان خۆشەویستییە : ئەمیش بۆیە ئەوەندە بە مەبەست گیراوە چونكە تام چیّژەكەی بەردەوام لە دونیاو قیامەتدا پیّویستە ، بە پیّچەوانەی ترسەوە كە لە رۆژی دواییدا نامیّنیّت ...

قال تعالى: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٦٢﴾ [يُونُس: ٦٢]

# چەند ووتەیەکی (ابن القیم ) رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت

یەکەم : لەبارەی چاکسازی کردن لە نەفس :

(ابن القیم ) – رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت – دەلیٚت :

فەرترین جیهاد جیهادی نەفس و هەواو شەیتان و دونیایە ، کەسیٚ ئەگەر جیهادی دوژمنە شاراوە و نادایارەکانی نەکردبیٚ ، ئەوا ناتوانیٚ جیهادی دوژمنە دیارو ئاشکراکانی بکات ..!!

(ابن القیم ) – رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت – دەلیٚت :

کەسیٚ خۆی بناسیٚ ، ئەو خۆناسینە سەرقالی دەکات بە چاککردنی عەیب وعارەکانی خۆی ،ناپرژیٚتە سەرعەیب وعاری خەلّك..!!

(ابن القیم ) – رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت – دەلیٚت :

سەر کەوتن و سەرفرازی بۆ ئەو کەسەی ئەوەندە بە چاککردنی عەیبەکانی خۆی سەرقالە ، ناپرژیٚتە سەر باسکردنی عەیبی خەلّك، قور بەسەر ئەو کەسەی عیبەکانی خۆی لە بیر کردووە و خۆی یەکلا کردۆتەوە بۆ شویٚنکەوتن و باسکردنی عەیب و عاری خەلّك ، هی یەکەمیان نیشانەی خۆشبەختی خاوەنەکەیەتی و هی دووەمیشیان نیشانەی بەدبەختی یە ..!!

(ابن القیم ) – رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت – دەلیٚت :

تووڕەبوونت بە کۆت زنجیری لە سەر خۆیی و ئارام گرتن و هیٚمنی ببەستەوە ، چونکە تووڕەبوون سەگیٚکی هارە ، ئەگەر بەری بدەی و بەڕەلای بکەی ، شتەکان خراپ دەکات و تیٚکو پیٚکیان دەدات ..!!

دووەم : دەربارەی بەڵاو تاقیکردنەوە و ئارام گرتن :

(ابن القیم ) — ڕەحمەتی خوا لیٚ بیٚت — دەلیٚت :

هەر کەسیٚ (خوای گەورە ) بۆ بەهەشت دروستی کردبیٚ ، به بەردەوام دیارییەکانی لە ناخۆشی و زەحمەتی و نارەحەتیەوە بۆ دیٚ ، هەر کەسیٚکیش (خوای گەورە ) بۆ ئاگر یان بۆ دۆزەخ دروستی کردبیٚ ، بە بەردەوام دیارییەکانی لە هەوا و ئارەزوو و خۆشییە کاتییەکانەوە بۆ دیٚ ..!!

(ابن القیم ) — ڕەحمەتی خوا لیٚ بیٚت — دەلیٚت :

هەر کەسیٚ کەمالی ئاخیرەتی بۆ دەرکەوت و تەماشای کرد ، فیراقی دونیای لە لای سەهل و ئاسان دەبیٚ ..!!

(ابن القیم ) — ڕەحمەتی خوا لیٚ بیٚت — دەلیٚت :

هەر کەسیٚ چاویٚك ببڕیٚتە شیرینیی و پاریٚزراوی و سەرنجی بدا ، ئەوا تاڵی و قورسیی و ئارامگرتنی لە لا سووك و ئاسان دەبیٚ ..!!

(ابن القیم ) — ڕەحمەتی خوا لیٚ بیٚت — دەلیٚت :

مەرج نیە هەموو جاریٚ بەلا بۆ سزاو ئازار و ئەشکەنجەی مرۆڤ بیٚ ، بەڵکو هەندیٚك جار بۆ پاك کردنەوە و پاڵفتە کردنیەتی ..!!

(ابن القیم ) — ڕەحمەتی خوا لیٚ بیٚت — دەلیٚت :

ئەگەر پەروەردگار پەردەی نهیٚنیەکانی بۆ بەندەکەی خۆی هەڵماڵیٚ ، پیشانی بدا چۆن کار و فەرمانەکانی بۆ بەریٚوە دەبات و ، ئەوا لە دایکی خۆی بۆی بە بەزییترە ، ئەوا دڵی بەندە بە خۆشەویستی خوا دەتویٚتەوە بە شوکرانە بژیٚری و سوپاس کردنی پارچە پارچە دەبیٚ ..!!

سێیەم : دەبارەی چاکسازی کردنی لە دڵ :

(ابن القیم ) – ڕەحمەتی خوا لیّ بێت – دەڵێت :

وەك چۆن جەستە بە هۆی نەخۆشکەوتن سوود لە خواردن و خواردنەوە نابینیّ ، بە هەمان شێوە ( دڵ ) یش ئەگەر دووچاری نەخۆشی هەواو ئارەزووپەرستی بوو ، ئیتر ئامۆژگاری تێدا جێگەی نابێتەوە ..!!

(ابن القیم ) – ڕەحمەتی خوا لیّ بێت – دەڵێت :

دڵ ڕەقبوون بەهۆی زێدەڕەوی کردن لە چوار شت : خواردن ، نووستن ، قسەکردن ، تێکەڵاوی ..!!

(ابن القیم ) – ڕەحمەتی خوا لیّ بێت – دەڵێت :

دڵ کاتێك کۆت زنجیر کار بە هەواو ئارەزوو پەرستی ، ئەوا تەقواو زوهدو وەرعی بۆ ناچێتە سەر ..!!

(ابن القیم ) – ڕەحمەتی خوا لیّ بێت – دەڵێت :

ئەگەر ( دڵ ) بە زیکر و یادی (خوای گەورە ) نان درا ، وە بە بیرکردنەوە و تێڕامانیش ئاو درا ، هەروەها لە پیسی و پۆغەلیش پاکراویەوە ، ئەوا شتی عەجیب و سەرسوڕهێنەر دەبینیّ ، حیکمەت و دانایی تیّ دەئاخنریّ ..!!

(ابن القیم ) – ڕەحمەتی خوا لیّ بێت – دەڵێت :

هەر گیز خۆ یەکلاکردنەوە بۆ خوا لە لایەك و حەزکردن بە مەدح و سەنای خەڵکی لە لایەکی تر لە (دڵێکدا ) کۆنابێتەوە ..!!

چوارەم : دەربارەی هیمەت بەرزی :

(ابن القیم ) — رەحمەتی خوا لیێ بێت — دەلێت :

بەر بەستی عادەت و نەریت ئاسان بکە ، ئەگەر ئەو هیمەتەی لە ناخ و دەروونی تۆدا هەیە تۆی بەرزکردەوە ، ئینجا بەرزیت گەشە دەکات و دەردەکەوێ ، لەوێ رووناکییەکانی عەزیمەت و پەرۆشیت بۆ دەردەکەوێ ..!!

(ابن القیم ) — رەحمەتی خوا لیێ بێت — دەلێت :

پیاوچاکان و بۆ خوا صولحاوان بە هیمەت بەرزیان لە خەلکانی ئاسایی جیا دەکرێنەوە ، نەك بە رەنگ و شکل و شێوەیان ..!!

(ابن القیم ) — رەحمەتی خوا لیێ بێت — دەلێت :

گەورەترین قازانج لە دونیادا بریتیە لە وەی : هەموو کات نەفسی خۆت بەو شتانەوە سەرقاڵ بکەی کە بۆ قیامەت لە پێشترە و بە سوود ترن ..!!

(ابن القیم ) — رەحمەتی خوا لیێ بێت — دەلێت :

بە فیرۆدانی کات لە مردن قورسترە ، هەرچییە مردنە تەنها لە دونیا و خەلکە کەیت دادەبرێنیێ ، بەلام بە فیرۆدتنی کات لە خوا و ئاخیرەتت دادەبرێنیێ ..!!

(ابن القیم ) — رەحمەتی خوا لیێ بێت — دەلێت :

ئەوەی بۆ گەیشتن بە پێگە و ریز و گەورەیی ، ئەوا گەرمیی هەتاوی نیوەرۆیان نەچێژی ، ئەوا لە ژێر سێبەری رێزو گەورەییدا پشوو نادا یان ناحەسێتەوە ..!!

(ابن القیم ) — رەحمەتی خوا لیێ بێت — دەلێت :

هەر کەسێ رێگەی گەیشتن بە ئاخیرەت بە رێگەیەکی دوور و درێژ بزانیێ و وا هەست بکات هێشتا زۆری ماوە پێی بگات ، هەنگاوەکانی بەرەو خوا چوونی بێهێز دەبن ..!!

پێنچەم : دەربارەی هۆکارەکانی گوناه و سەرپێچی بانگەوازی کردن بۆ دوور کەوتنەوەی :

(ابن القیم ) — رەحمەتی خوا لێ بێت — دەڵێت :

ئەگەر (دڵ) بە تاریکی گوناه و سەرپێچی تاریك بوو ، ئەوا لە هەموو لایەکەوە هەوری بەڵا و خراپەکاری رووی تێ دەکەن ، خاوەنەکەی لە گوناهێکەوە دەبەن بۆ گوناهێکی تر ، وەیان لە سەرپێچیەکەوە دەی بەن بۆ سەرپێچیەکی تر ، وەك شەو کوێرێك کە دووچاری شەوێکی تاریکی ئەنگوستە چاو بووبێ ، خۆی بە ملاو ئەولادا دەدات و دەستی لە هیچ شتێ گیر نابێ ..!!

(ابن القیم ) — رەحمەتی خوا لێ بێت — دەڵێت :

هەندێك جار بەندە ئەوەندە گیرۆدەی گوناه دەبێ ، ئولفەتی پێوە دەگرێ و حەزی لێ دەکا و پێشی دەخات ، تاکو ئەوەی کە (خوای گەورە ) کۆمەڵێك شەیتانی بۆ رەوانە دەکات ، کە ئەو شەیتانانە هانی دەدەت و گەرمی دەکەن لەسەر ئەنجامدانی گوناهو تاوان..!!

(ابن القیم ) — رەحمەتی خوا لێ بێت — دەڵێت :

(گوناهەکان و سەرپێچەکانی مرۆڤ وەکو برینی جەستە وان ، لەوانەیە یەکێ لە برینەکان ببێتە مایەی لە ناو چوون و مردن ، وەیان -بە مانایەکی تر ببێتە ژێر پەنچە مرۆقەکە لە ناو ببات - )

(ابن القیم ) — رەحمەتی خوا لێ بێت — دەڵێت :

چۆن بە عاقڵ و مەنتق هەژمار دەکرێ ئەو کەسەی بەهەشت بۆ شەهوەت و ئارەزووی ساتێکی کەمی دەونیایی دەفرۆشێ ..!!

(ابن القیم ) — رەحمەتی خوا لێ بێت — دەڵێت :

ئارام گرتن لەسەر شەهوەت و ئارەزووی حەرام ئاسانترە لە ئارامگرتن لەسەر ئەو شتانەی دەبنە هۆکاری وورووژاندن و دروستبوونی شەهوەت و ئارەزووەکە ..!!

شەشەم : دەربارەی ماڵ و بەدەست هێنانی ڕزق و ڕۆزی :

(ابن القیم ) – رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت – دەلیٚت :

ئەی ئەو کەسەی داوای دەرگای بژێوی دەکەیت بەبیٚ کلیلی تەقوا یان پارێزگرتن ، سکالاٚ لە دەست تەنگەدەستی و ژیانی کۆلەمەرگی خۆت دەکەیت ، کەچی ریٚگەی هەڵە و گوناهو تاوانەکانت بەسەر خۆتدا فراوان کردوون ..!!

(ابن القیم ) – رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت – دەلیٚت :

گوناهو تاوان بەر بەستی دەرگای ڕزق و ڕۆزی وکارو کەسابەتە ، وەك خۆشەویستمان ﷺ فەرمووییەتی : ( وإن العبد ليحرم الرزق باذنب يصيبه ) واتە : **بەندە بە هۆی گوناهێکەوە کە ئەنجامی دەدا لە ڕزق ڕۆزی خۆی بیٚ بەش دەکات ..! !**

(ابن القیم ) – رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت – دەلیٚت :

ماڵ سامان تا لە دەستت دابیٚ و نەچووبێتە نێو دڵت ، هەر چەندە زۆرو زەبەند بیٚ زیانت پیٚ ناگەیەنیٚ ، هەر کاتێکیش چووە نێو دڵت ، ئەگەر هیچیشت لە دەستدا نەبیٚ ، زیانت پیٚ دەگەیەنیٚ ..!!

(ابن القیم ) – رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت – دەلیٚت :

ئەوەی (خوای گەورە ) دەیداتە کەسی سەخی سەخاوەت وە یان چاو تێرو بەخشەر ، نایداتە کەسی ڕژد و ڕەزیل و چاوچنۆك ، ئەوەی یەکەمیان واتە کەسی سەخی ، (خوای گەورە ) ڕەوشت و ڕزق ڕۆزی و ماڵ و سامان و منداڵ و هۆکارەکانی بژێویی بۆ فراوان دەکات ، وەك پاداشتێك لە هەمان ڕەگەزی ئەو کارەی دەیکات ، کە بریتییە لە خێر کردن و ماڵ بەخشین و سەخاوەتی ..!!

حەوتەم : دەبارەی دونیاو حاڵی بەندە تیایدا :

(ابن القیم ) — رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت — دەڵیٚت :

دونیا وەکو گەشت گوزارە شویٚنی مانەوەی نیە ، دوا رۆژ نیشتمان حەقیقیە و شویٚنی مانەوەی هەتا هەتایە ، ئەو شتانەش کە مرۆڤ ئارەزوویان دەکا و ئومیٚدیان بۆ دەخوازیٚ ، لە زیٚدی حەقیقی و شویٚنی مانەوەدا خوازیارن ، نەك گشت و گوزار بیٚ ..!!

(ابن القیم ) — رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت — دەڵیٚت :

ئەوەی لە دونیادا بەخۆشی بەسەر برد یان بە ناخۆشی ئەوا خەون بوو ، ئەوەشی هیٚشتا ماوە و ڕووی نەداوە تەنها خۆزگە و تەمەننا کردنە ، کاتیش لە نیٚوان ئەو دووانە دا بە فیڕۆ دەچیٚ ..!!

(ابن القیم ) — رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت — دەڵیٚت :

ببە بە کوری دوا رۆژ ، مەبە بەکوری دونیا ، منداڵ شویٚنکەوتە و چاولیٚکەری دایکیەتی ..!!

(ابن القیم ) — رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت — دەڵیٚت :

ڕەغبەت و ئارەزووکردن بۆ دوا رۆژت تەواو نابیٚ و ناچیٚتە سەر بەبیٚ زوهد و دونیا بەکەم گری ..!!

(ابن القیم ) — رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت — دەڵیٚت :

ئەی ئەو کەسەی شارەزایت و خاوەن عەقڵ و ئەزموونیت ، تا ئیٚستا بەهای خۆت زانیوە ..؟! ئەم کەون گەردوون و کائیناتە هەمووی بۆ تۆ دروست کراوە ..!!

هەشتەم : دەربارەی هاورێیەتی و شوێنەوارەکانی :

(ابن القیم ) – رەحمەتی خوا لیٚ بێت – دەلێت :

بەسوودترین کەس بۆ تۆ پیاوێکە دەرگای دڵی خۆی بۆت دەکاتەوە دەست کراوەت دەکات لە گفتو گۆ کردن لە گەلیدا ، تا ئەوەی خێرێك لە دڵیدا دەچێنی ، یاخود چاکەیەکی لەگەل دەکەی ، -بە پێچەوانەوە ، کە سانێك هەن ناتوانی چاکەیەکیان لەگەل بکەی ، ئەوەندە داخراون لە کاردانەوەکانیان دەترسی -، ئەو جۆرە کەسە باشترین یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بە هۆیەوە سوودەت پیٚ بگات و بەرەو کەماڵ و تەواوێتی بچیت ، لە ڕاستیدا سوود گەیاندنت بەو ، وەك سوود گەیاندنی ئەوە بە تۆ یاخود زیاتریش ..!!

(ابن القیم ) – رەحمەتی خوا لیٚ بێت – دەلێت :

ئەگەر بەندە دەیەوێت چاو لە کەسێك بکات ، با سەیری ئەو کەسە بکات ئاخۆ لە ئەهلی زیکرە ..!! وەیان لە ئەهلی غافل بێئاگایەکانە ..؟! ئایا هەواو ئارەزوو بەسەریدا زاڵە و حوکمی دەکات ، یا خود وەحی ..؟! ئەگەر لەو کەسانە بوو کە هەواو ئارەزوو بەسەریدا زاڵە و حوکمیان بەسەردا دەکات ، واتە : لە بێئاگایان بوو ، ئەوا با باش بزانیٚ کارەکەی خۆ بەزایەدان و خۆلە ناوبردنە..!!

(ابن القیم ) – رەحمەتی خوا لیٚ بێت – دەلێت :

حیکمەت و لێزانیی پەروەردگار وا دەخوازیٚ مرۆڤەکان هەندێکیان بە هۆی هەندێکی دیکەیانەوە کارەکانیان ڕاپی ببیٚ و یەکتر تەواو بکەن ، بۆیە چاریان نیە و پێویستیان بە یارمەتی و کۆمەکی یەکتری هەیە ..!!

## چەند ووتەیەکی زانایان دەربارەی پاك کردنەوەی دەروون

١-(سعدی کوری وەقاص ) بە (سلمانی فارسی) فەرموو: ئامۆژگاریم بکە ..؟! ئەویش پێ فەرموو :

بە ئیخلاص و نیەت پاکییەوە لە گەڵ حەق و ڕاستی بە ئەوا دەبیتە کەسێکی خالص ونیەت پاك ،واتە: سەرکەوت و سەرفراز دەبیت..!!

٢-(ابن الجوزی ) – ڕەحمەتی خوا لیّ بێت –دەڵێت :

کاروکردەوە وێنە و شێوەیە ، و ئیخلاص یش ڕووحەکەیەتی ، بۆیە ئەگەر کارو کردەوەکانت بە ئیخلاص و نیەت پاکییەوە نەبوو ، ئەوا خۆت ماندوو مەکە ، چونکە ڕاگری و ڕاوەستاوی بۆ لاشە نیە بەبێ ڕووح و گیان ..!!

٣-بە (سهلی التستری ) – ڕەحمەتی خوای لیّ بێت – ووترا : چ شتێك زەحمەتترە و نارەحەتترە لەسەر نەفس یان دەروون ..؟!

ئەویش فەرمووی : ئیخلاص و نیەت پاکی ، چونکە لە ئیخلاص و نیەت پاکیدا هیچ پشك و بەشێکی بۆ هیچ کەسێکی تر تێدا نییە ..!!

٤-(سوفیانی سەوری ) ڕەحمەتی خوای لیّ بێت – دەڵێت :

هیچ شتێکم چارەسەر نەکردووە سەختتر وگرانتر بێت لە سەرم لە پاککردنەوەی نیەتم بۆ (خوای گەورە ) ، چونکە بە ڕاستی زۆر جار نیەتم دگۆرا و وەك خۆی نەدەما ..!!

٥-(حەسنی بەصری ) –ڕەحمەتی خوای لیّ بێت – ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد ، پیاوێکیش لەو شوێنەکەیدا دای لە پرمەی گریان ، پێشەوا (حەسن )یش فەرمووی : بە ڕاستی (خوای گەورە ) لە ڕۆژی قیامەتدا پر سیارت لیّ دەکات کە ئایا لە مەدا مەبەستت چی بوو ..؟! واتە : - پرسیات لیّ دەکات کە ئایا ئەم گریانەت لە ترسی ئەو بووە یان بۆ خۆدەرخستن بووە ..!!

٦-( كوری الجوزی ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت :

ڕاستگۆیی بۆ داواکردنی ڕەزامەندی (خوای گەورە ) هۆکاری ئەوەیە ڕێگای ڕاستت بۆ ڕۆشن ببێتەوە ، هەر کات ڕاستگۆیت هەبوو ئەوا (خوای گەورە) هیدایەتت دەدات بۆ ڕێگای ڕاست ، بەڵام ئەو کەسەی نیە پاك و دڵسۆز نەبێت و ڕاست نەکات ئەوە دەکەوێت و ناتوانێت بەردەوام بێت ..!!

٧-(ابو التیاح ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت :

پیاوی وا هەبوو کە بیست ساڵ بوو عیبادەت و پەرستنی (خوای گەورە )ی دەکرد کەچی جیرانەکەی پێی نەدەزانی .

٨-(ئیبراهیم الخواص ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت :

هەست کردن بە چاودێری بریتییە لە : دڵسۆزی بوون بە ئیخلاص و نیەت پاکی بوون بۆ (خوای گەورە ) لە نهێنی و ئاشکراییدا ..!!

٩-(ابن القیم ) ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت :

هەرگیز ئیخلاص و نیەت پاکی لەگەڵ حەزکردن بە مەدح و ستایش کردن و پیاهەڵدان و چاوتێبرین لە لای خەڵکی لە دڵێکدا کۆنابێتەوە ، هەر وەکو چۆن ئاو ئاگر وە هەروەها مارمێلکە و نەهەنك بەیەکەوە کۆنابنەوە ..!!

١٠-(مالکی کوری دینار ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت :

بلێن بەو کەسانەی کە ڕاستگۆ نەبوون ، واتە : لە گەڵ نیەتەکەیان ڕاستگۆ نەبوون ، پێیان بلێن : خۆتان ماندوو هیلاك مەکەن ..!!

١١-پیاوێك لە لای (عمری کوری خەتاب ) – خوالیٚ رازی بێت -  شایەتیەکی دا  :

پێشەوا (عمر ) فەرمووی : ناتناسم ..!! زیانی بۆت نیە کە من نەتناسم  ، بەلاّم کەسێك بهێنە بتناسێت ..؟!

پیاوێك لە ناو خەلکەکەدا بوو ووتی : من دەیناسم ..!!

پێشەوا (عمر ) فەرمووی  : بە چی دەیناسی ..؟!

پیاوەکە ووتی : بە دادپەروەری و غەقلّ و ژیریەکەی ..!!

پێشەوا (عمر) فەرمووی : ئایا ئەو کەسە دراوسێی خوار خۆتە کە شەو و رۆژ هاتنە ناوە و چوونە دەرەوەی شارەزابیت ..؟!

پیاوەکە ووتی : نەخێر ..!!

پێشەوا (عمر) فەرمووی :  مامەلّەی دینارو دەرهەمت لە گەلّ دا کردووە تا بە هۆیانەوە شارەزاییبیت ..؟!

پیاوەکە ووتی : نەخێر ..!!

پێشەوا (عمر ) فەرمووی : هاورێت بووە لە سەفەردا کە لەوێدا رەوشت بەرزیت بۆ دەرکەوتبێت ..؟!

پیاوەکە ووتی : نەخێر ..!!

پێشەوا (عمر) فەرمووی : کەواتە نایناسی ، پاشان بە کابرای شایەتی ووت : کەسێك بهێنە کە بتناسێت ..!!

١٢-(عبدالله كوری مسعود ) – خوا لیّ رازی بێت – دەڵێت :

با مرۆڤ نەفسی خۆی ڕابهێنێت لەسەر ئەوەی کە ئەگەر هەرچی مرۆڤ هەیە لە زەویدا گشتیان کافر بوون و بیّ باوەر بوونەوە ئەوا با ئەو کافر نەبێت و بیّ باوەر نەبێتەوە ، وە با هیچ یەکێك لە ئێوە کەسێکی چاولێکەر **(إمعة) نەبێت ..!!**

**ووترا : چاولێکەر (إمعة ) چییە** ..؟!

ئەویش فەرمووی : ئەمە ئەو کەسەیە کە بەردەوام دەڵێت : من هەر لەگەڵ خەڵکیدامە ، وە ئەوبا نەبێتە پێشەنگ و ڕابەر لە شەر و خراپەدا ..!!

١٣-(عمری کوری خەتاب ) – خوالیّ رازی بێت - دەڵێت :

قسە مەکە سەبارەت بە شتێك پەیوەندی بە تۆوە نە بێت ، وە دوورە پەرێز بە لە دوژمنەکەت ، وە وریابە لە برادەرەکەت یان هاورێکەت ئیلا برادەی و هاوریّ ئەمینی دڵ و دەست و زمان و دامێن پاك نەبێت ، وە کەسیش ئەمین نیە ، ئیلا کە سێك نەبێت کە لە (خوای گەورە ) دەترسێت و گوێڕایەڵی دەکات ، وە لەگەڵ خراپەکاردا ریّ مەکە چونکە فێری خراپەکارییەکانی خۆیت دەکات، وە نهێنیەکانی خۆتی بۆ ئاشکرا مەکە و دەریمەبڕە بۆی ، وە لە ئیش و کارەکانتدا پرس و ڕاوێژ بە کەس مەکە ئیلا بەو کەسانە نەبێت کەوا لە (خوای گەورە ) دە ترسن ..؟!

١٤-كاتێك (حاتمی ئەصەمی ) هاتە لای ئیمام (أحمد ) – ڕەحمەتی خوایان لێ بێت –

ئەوە بوو ئیمام (أحمد )یش لە دوای زەرردەخەنە كردنی بۆی پێ فەرموو : هەواڵم پێ بدە چۆن ڕزگارت دەبێت لە سەلامەت بوون لە خەڵكی دا ..؟!

(حاتم ) پێی فەرمووی : بە سێ شت ..!!

ئیمامی (أحمد) یش پێی فەرموو : چین ئەم سێ شتە ..؟!

(حاتم) فەرمووی : پێیان بدەیت لێیان وەرنەگری ، وە بەرژەوەندیەكانیان جێ بەجێ بكەیت ، وە داوای بەجێ گەیاندنی بەرژەوەندیەكانی خۆشت لێیان نەكەیت ، و ئارام بگرێت كاتێك ئازارت دەدەن وە تۆش ئەزیەتیان نەدەیت ..!!

ئیمام (أحمد)یش فەرمووی : بە ڕاستی زۆر قورسە ..!!

(حاتم )یش پێی فەرمووی : خۆزگە لە گەڵ ئەوەشدا سەلامەت دەبوویت ..!!

١٥-(مالكی كوی دینار ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت :

هیچ سزایەك دانەنراوە بۆ سەر بەندە گەورەتر و قورستر بێت لە دڵ ڕەق بوون ..!!

١٦-(**فضلي كوری عیاض**) – ڕەحمەتی خوا لێ بێت – دەلێت :

دوو شت هەیە كە دڵ ڕەق دەكات : زۆر قسە كردن ، وە زۆر خواردن ..!!

١٧-(حەسەنی بەصری ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت :

ئەگەر چاكی و باشی و سەلامەتی دڵت دەوێت ئەوا داوای لێ بكە بە هۆی پارێزگاری كردنی ئەندامەكانی لاشەت ..!!

١٨-(ئیبراهیم خواص ) – ڕەحمەتی خوای لیّ بیّت – دەلیّت :

دەرمان و چارەسەری دلّ لە پیّنچ شت دا هەیە :

خویّندنەوەی قورئان بە تیّگەیشتن و تیّرامانەوە ، وە بەتالّ بوونی گەدە ، وە شەو نویّژ کردن ، وە نزاو پارانەوە لە کاتی سەحەری بەرەبەیان ، وە دانیشتن لە کۆمەلی یان مەجلیسی پیاو چاکان ..!!

١٩-(عبدالله کوری مبارك ) – ڕەحمەتی خوای لیّ بیّت – دەلیّت :

دەزانم گوناهو تاوان دلّ دەمریّنیّت ..!! وە ئالوودەبوونیش پیّیەوە زەلیلی و سەر شۆری لە دوای خۆی بەجیّ دەهیّلّیّت ..!! جا وازهیّنان لە گوناهو تاوان ژیانە بۆ دلّ و دلّ زیندوو دەکاتەوە ..!! جا باشتر وایە سەرپیّچی نەفست بکەیت کاتیّ بە دوای ئارەزووکان دەکەویّت ..!!

٢٠- (عمری کوری خەتاب ) – خوالیّ رازی بیّت - دەفەرمووی:

هیچ کەسیّك نیە لە نەفسی دا کیبر و خۆبە گەورە زانین هەبیّت ئەوا ئیلاّ زەلیلی و ریسوایی لە خۆیدا دەبینیّتەوە ..!!

٢١-(عبدالله کوری مسعود ) – خوا لیّ رازی بیّت – دەفەرموویّت :

بە ڕاستی مرۆڤ هاندەریّکی فریشتەیی و وە هاندەریّکی شەیتانی هەیە ، جا هاندانی فریشتەکە بریتیە لەوەی کە هانی دەدات بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە و بە ڕاست دانانی حەق ..!! جا هەرکەسیّك ئەوەی بینی و ( لە دلّیدا هەسی پیّ کرد ) ئەوا با سوپاس و ستایشی (خوای گەورە ) لە سەر ئەمە بکات ..!! وە هەروەها هاندانی شەیتانیش بریتیە لەوەی کە هانی مرۆڤ دەدات بۆ ئەنجامدانی کاری خراپە و بە ناڕاست دانانی حەق !! جا هەرکەسیّکیش ئەمەی بینی وە ( لە دلّیدا هەستی پیّ کرد ) ئەوا با پەنا بە (خوای گەورە ) بگریّت ..!!

٢٢-(سهل كوری عبدالله التستری ) – رەحمەتی خوای لیَ بێت – دەلێت :

ناسینی نەفس شاراوەترە لە ناسینی دوژمن ، وە هەروەها ناسینی دوژمن یش دیارترە لە ناسینی دونیا ..!!

٢٣-(حەسەنی بەصری ) – رەحمەتی خوای لیَ بێت – دەلێت :

ئەگەر نەفست بۆ حەق بەکاری نەهێنی و سەرقاڵی نەکەیت بۆ حەق ئەوا لە بەرانبەردا ئەو بۆ باتڵ و ناحەق بەکارت دەهێنیَ و پێیەوە سەر قاڵت دەکات ..!!

٢٤-(سفیانی سەوری ) – رەحمەتی خوای لیَ بێت – دەلێت :

دەگوترێت : ئەگەر بە چاکی نەفسی خۆت ناسی ئەوا هیچ شتێك زیانت پیَ ناگەیەنێت لەو قسانەی کە دەربارەت دەگوترێت ..!!

٢٥-(عاصم ی الاحول ) – رەحمەتی خوا لیَ بێت – دەلێت :

با خەڵکی غافل و بیَ ئاگات نەکەن و سەر قاڵت نەکەن لە نەفسی خۆت ، چونکە کارەکە هەر بەخۆت دەگات بەبیَ ئەوا ( واتە: کاتێك لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکرێت تۆ تەنهایت ، وە ئەوان ناتوانن هیچ سوودێکت پیَ بگەیەنن ..!!

٢٦-(عبدالله کوری مبارك ) – رەحمەتی خوای لیَ بێت – دەلێت :

لە گەورەترین بەڵا و موسیبەتەکان بۆ پیاو ئەوەیە کە : بزانێت لە نەفسیدا کەمتەرخەمی هەیە ( بەرامبەر عیبادەت وگوێرایەڵی کردنی الله تعالی ) پاشان گرنگی پیَ نەدات و هیچ دڵتەنگیش نەبێت بۆی ..!!

## سەر باسەکان

# ئامۆژگارییەکانم بۆ شوعەیبی کوڕم

- شوعەیب گیان، نوێژەکانت لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدە، چونکە ستوونی ئایینە کەتە
- شوعەیبی ئازیز، خوێندن و فێربوونی زانست بە عیبادەت بزانە و تێیدا کۆشێش بکە
- لە هەموو هەنگاوێکی ژیانتدا، شوعەیب، دوای هەوڵدان پشت بە خودای گەورە ببەستە
- با ڕاستگۆیی و ڕەوشتی جوان هەمیشە ناسنامەی تۆ بن، شوعەیبی کوڕم

نوسینی
قاسم محسن عولا




٢٠٢٦ زایینی - ١٤٤٧ کۆچی